بسم الله الرحمن الرحیم

## پێناسی کتێب:

ناوی کتێب: بە ئینگلیزی بیربکەوە و خێراتر قسەبکە

ژانر: زمانەوانی

نووسین: دیار سەعدی عەلی

هەڵەچنی: هەژیر عەبدولڕەحمان

دیزاینی بەرگ: ژیرۆ عەبدولڕەحمان

دیزاینی ناوەرۆک: ANQ

ژ. بەشی کتێب: ٣ بەش

ژ. لاپەڕە: ١١٦

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ١٠٠ دانە

ساڵی چاپ: ٢٠٢١ز

چاپەمەنی: چاپەمەنیی ئەستێرە

ژمارەی سپاردنی (٣٢٠٧) ی ساڵی (٢٠٢١) لە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە.

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە:**

دایکوباوکی خۆشەویستم کە لە پێگەیاندنم بۆ ئەم ئاستەی ئێستام هاوکارم بوون و، پێشکەشە بە برا بچووکەکەم، پێشکەشە بە هەموو فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی. لێرەوە دەمەوێت سوپاسی مامی خۆشەویستم، دەمەوێت سوپاسی خاڵی خۆشەویستم بایولۆجی موسا عوبێد ئەحمەد بکەم، مامۆستا ڕەحیم عەلی و ئامۆزای ئازیزم، دەرباز و سەرکەوت بکەم کە ڕۆڵێکی تایبەتیان لە هاوکاریکردنم لە هەندێک تەکنیکی زمانی ئینگلیزی و چاپکردنی ئەم کتێبە هەبووە، کە ئێستا لە بەردەستی بەڕێزتاندایە.

**دەربارەی نووسەر:**

من ناوم دیار سەعدی عەلی(تۆربەیی)یە و دانیشتووی ناحیەی چوارقوڕنەم، تەمەنم ١٩ ساڵە و خوێندکاری پەیمانگەی کۆمپیوتەری (ڕاپەڕین) لە قۆناغی پێنجەمم؛ جگە لەو بوارەی خۆم کە بواری زانستی کۆمپیوتەرە، خولیای فێربوونی زمانیشم هەیە کە هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە خولیای فێربوونی زمانم تێدا دەرکەوتووە، سەرەتای دەستکردنم بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ ساڵی ٢٠١١ل دەگەڕێتەوە، هەتا ئەم کاتەی ئێستایش کە ئەم کتێبەم بۆ ئێوەی خۆشەویست نوسیوە، جگە لە زمانی دایک شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی و ئیسپانیاییشم هەیە و بە شێوەیەکی بەرچاو دەتوانم قسە بە هەردوو زمانەکە بکەم و بە زیادەوە کارەکانی خۆمی پێ ڕاییبکەم، لە سەرەتای دەستکردنم بە زمانی ئینگلیزی ئاستەنگی زۆرم هاتەبەردەم، بەتایبەتی نەبوونی کەسێک کە لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی هاوکارم بێت، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاستم بەرەوپێشچوو و لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی کۆڵمنەدا کە لە دواتر سوپاس بۆ خودا فێربوونی زمانی ئیسپانیاییشی بەدواداهات، لە ماوەی

سەرقاڵبوونم بە فێربوونی زمانی ئینگلیزییەوە بەشداریی ٣ خولی زمانی ئینگلیزیم کردووە کە دوو دانەیان لە ئەکادیمیای ڕاپەڕین لە ئاستی ئینتەرمیدەیت و ئەپەر ئینتەرمیدەیت لەسەر مەنهەجی فەیس_تو_فەیس بوو و ئێستایش بەشداری خولی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم لە زانکۆی ئەمریکی عێراق_سلێمانیم.

## پێشەکی:

سەرەتا بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان، سوپاس بۆ خودای گەورە و خێزانەکەم کە لە نووسینی ئەم کتێبە بە ناوی 'بە ئینگلیزی بیربکەوە و خێراتر قسەبکە' هاوکار و هاندەرم بوون؛ زۆربەمان لە زمانی ئینگلیزیدا ئاستێکی باشمان هەیە، هەم لە توانای تێگەیشتن و هەم لە توانای قسەکردن و نووسین و خوێندنەوەیشدا، بەڵام کاتێک کە کەسی بەرانبەر جا چی ئینگلیزی ڕەسەن بێت یاخود کەسێکی ئاسایی بێت، کاتێک قسەمان بۆ دەکات، ماوەیەکمان پێ دەچێت هەتا وەڵامی کەسی بەرانبەر دەدەینەوە، ئەمەیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وا دەکات ئاستی زمانی ئینگلیزیمان بە ئاستێکی پێشکەوتوو و بەرچاو لەلایەن کەسی بەرانبەرەوە سەیرنەکرێت، بە شێوەیەکی ئاسانتر ئێمە قسەکەی کەسی بەرانبەر بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕین و وەڵامی کەسی بەرانبەر دەدەینەوە، بەتایبەتی کردنی ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە تاقیکردنەوەکانی وەک ئایەڵس و تۆفڵ لە بەشی قسەکردن دەبێت بە هۆی لەدەستچوونی نمرە. پشتیوان بە خودای گەورە لەم کتێبەدا باسی ئەوە دەکەم کە چۆن بتوانین بە ئینگلیزی بیربکەینەوە و

کردەی وەرگێڕان لە بیری خۆماندا بوەستێنین، کە بە ڕاگرتنی کردەی وەرگێڕان لە بیردا بۆ زمانی کوردی وات لێ دەکات کە بە ئینگلیزییەکی باشتر و خێراتر قسەبکەیت و هەروەها لە لای کەسی بەرانبەر ئینگلیزییەکەت بە شێوەیەکی بەرچاو و پێشکەوتوو دەبینرێت، ئایا هەرگیز ئەوەت بەسەرهاتووە کە کەسێک پرسیارێکت لێ بکات و تۆیش بۆ وەڵامدانەوەی ماوەیەکت پێ چووبێت؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، ئەوا لە ڕێی ئەم کتێبەوە چیتر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دواناکەویت، ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکیش بێت.

## بەشی یەکەم

- بۆچی پێویستە بە ئینگلیزی بیربکەمەوە؟
- چۆن بتوانم بە ئینگلیزی بیربکەمەوە؟
- چۆن وەرگێڕان لە بیرمدا بوەستێنم؟
- چۆن خێراتر قسەبکەم؟
- تەکنیکی ناولێنانی ئۆبجێکتەکان
- تەکنیکی دەستپێکردنی ڕستەی بچووک
- تەکنیکی پێناسەکردنی وشەکان
- تەکنیکی بیرکردنەوە لە ڕستەکان
- تەکنیکی پێناسەکردنی ڕۆژەکەت
- تەکنیکی خەیاڵکردن
- تەکنیکی قسەکردن لەگەڵ خۆت
- تەکنیکی سکریپتکردن
- تەکنیکی بەهێزکردنی ئاستی گوێگرتن
- تەکنیکی خێراقسەکردن بە زمانی ئینگلیزی
- تەکنیکی بەکارهێنانی دەستەواژەکان
- تەکنیکی شادۆوینگ
- تەکنیکی نارەیشن

## بۆچی پێویستە بە ئینگلیزی بیربکەمەوە؟

زۆربەمان لەوانەیە هەندێک کات لە مامۆستایەک یاخود کەسێک بەئەزموون و شارەزا لە زمانی ئینگلیزیدا بپرسین کە بۆچی پێویستە بە ئینگلیزی بیربکەینەوە، هۆکاری ئەوەی کە پێویستە بە زمانی ئینگلیزی بیربکەیتەوە، ئەوەیە کە لە کاتی قسەکردندا خێراتر لە کەسی بەرانبەر تێدەگەیت و دەتوانیت بەبێ کاتبەفیرۆدان خێراتر وەڵامی کەسی بەرانبەر بدەیتەوە، چونکە کاتێک تۆ لە کاتی قسەکردندا بیرکردنەوەت بە زمانی ڕەسەنی خۆت بێت، ئەوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تۆ قسەی کەسی بەرانبەر بۆ سەر زمانی ڕەسەنی خۆت وەردەگێڕیت و دواتر وەڵامی کەسی بەرانبەر دەدەیتەوە، ئەمەیش لە بیردا کاتێکی پێ دەچێت، هەڵبەت ئەمە هەم کاریگەریی لەسەر ئاستی زمانەکەت دەبێت و هەمیش کاریگەریی لەسەر بەرەوپێشبردنی ئاستی زمانی ئینگلیزییەکەت دەبێت، چونکە کاتێک کە کەسێکی ڕەسەن قسەت لەگەڵدا دەکات، بیرناکاتەوە لەوەی کە لە بیری خۆیدا دەست بە وەرگێڕان بۆ زمانەکەی خۆی بکات و دواتر پرسیارەکەت لێ بکات، هەر وەک چۆن تۆ لە زمانی کوردیدا ئەم کردەیە ناکەیت، کاتێک قسە لەگەڵ

هـاوزمـانێكی خۆتـدا دەكەیـت. یەكێكی تر لەو هۆكـارانەی كە پێویســـتە بە ئینگلیزی بیربكەیتەوە، ئەوەیە كە لە كـاتی قســـەكردندا قســـەكردنێكی هێواشـــت هەیە و هەســـتیش بە ئارامی ناكەیت كاتێک بە زمانی ئینگلیزی قســـە بۆ كەســـی بەرانبەر دەكەیت، لەبەر ئەم دوو هۆكارەی خوارەوە:

١- وەرگێڕانی ڕستەی كەسی بەرانبەر لە بیرتدا بۆ تێگەیشتن.

٢- وەرگێڕانی ئەو ڕستەیەی كە دەتەوێت بە ئینگلیزی بیڵێییت.

## چۆن بتوانم بە ئینگلیزی بیربکەمەوە؟

سەرەتای دەستپێکردنی بیرکردنەوە لە زمانی ئینگلیزیدا بەندە بە چەند شتێکەوە، وەک: وشە، ڕستە، ئیدیەم(پەند) دەستەواژە بـازاڕی و فەرمییەکـان، لەوەیە پرســـیـاربکەیـت، بـۆچـی؟ لەبەرئەوەی کاتێک کە تۆ نەزانیت وشـــەیەک یاخود ئیدیەمێک یان دەســـتەواژەیەکی بازاڕی واتای چییە، ئەوا ناتوانیت لێی تێبگەیت و ناتوانیت هیچ وەڵامێک بدەیتەوە و تەنها لەو کاتەدا واقتوڕدەمێنێت، هەتا چەند تۆ وشـــە یاخود ڕســـتەی بەهێز و بـاش بزانیـت، ئەوا دەرفەتی ئەوەت زیـاترە کە بـاشـــتر بە ئینگلیزی بیربکەیتەوە، بۆ نموونە: تۆ لە زمانی کوردیدا کاتێک پەرداخێـک دەبینیـت، ئەوا لە بیری خۆتـدا بیردەکەیتەوە کە ئەمە پەرداخێکە، بەڵام دەبێت لە زمانی ئینگلیزیدا وشـــەیەکت بۆ پەرداخ هەبێت، بۆئەوەی بۆ جاری داهاتوو لە بیری خۆتدا بە زمانی ئینگلیزی بڵێیێت کە ئەوە پەرداخە، بێگومان بە هەمان شێوە بۆ پەندە ئینگلیزییەکان کاتێک لە زمانی کوردیدا دەڵێیت 'مەگەر لە خەونتدا'، دەبێت ئیدیەمێکت پێ بێت، بۆئەوەی بە زمـانی ئینگلیزی بتوانیت بڵێیێت 'لە خەونتـدا'،کەواتە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چۆن بتوانم بە زمانی ئینگلیزی بیربکەمەوە،

بەندە لەسەر ئەوەی کە بەڕێزت هەتا چەند وشە و پەند و دەستەواژە دەزانیت، لێرەدا پرسیارێک دروستدەبێت: ئایا بۆ کەسێک ئاساییە کە ئاستی لە زمانی ئینگلیزی سەرەتاییە و بیەوێت دەستبکات بە بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی؟ وەڵامەکەی بێگومان بەڵێیە، دەتوانێت بەو دەستەواژە سەرەتاییانە دەستپێبکات کە دەیانزانێت، بۆ نموونە: ناوی میوەکان، ناوی شتە ئاساییەکانی وەک کتێب و پێداویستییەکانی قوتابخانە کە ئەمانە وشەکانی ئاستی سەرەتایی زمانی ئینگلیزین.

**چۆن وەرگێڕان لە بیرمدا بوەستێنم؟**

کاتێک بە زمانی ئینگلیزی گوێ لە گۆرانییەک دەگریت یاخود وتەیەک دەخوێنیتەوە، با بڵێین سەیری فلیمێک دەکەیت کە بەبێ بوونی ژێرنووسی زمانی کوردییە و تەنها ژێرنووسی زمانی ئینگلیزیی هەیە، لە کاتی سەیر کردنی فلیمەکەدا کاتێک دەقێک دەبینیت بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە: 'ببورە، من ئەمڕۆ کارم هەیە'، ئەوا ڕاستەوخۆ تۆ لە بیری خۆتدا بە خۆت دەڵێیت کە ئەمە دەڵێت 'ببورە، ئەمڕۆ کارم هەیە'، لەوەیە دڵخۆشیشبیت، چونکە توانای ئەوەت هەیە کە لێی تێبگەیت یاخود بتوانیت بیکەیتەوە زمانی کوردی؛ بەڵام نازانیت کە ئەمە تەنها چاڵێکە و بۆ خۆتی هەڵدەکەنیت، یەکەم کار کە بتوانیت بۆ وەستاندنی وەرگێڕان لە بیری خۆتدا بە زمانی ئینگلیزی بیکەیت، ئەوەیە کە هەوڵبدەیت بە ئینگلیزی لێی تێبگەیت، واتە لەبریی ئەوەی کە تۆ بە کوردی خۆت فێری ئینگلیزی بکەیت، ئەوا بە ئینگلیزی خۆت فێری زمانی ئینگلیزی بکە! بەم شێوەیە دەتوانیت وەرگێڕان لە بیری خۆتدا بوەستێنیت، هەڵبەت هەتا ئاستێکی باشی بیربکردنەوەت بە زمانی ئینگلیزی نەبێت، ئەوا ناتوانیت بەباشی کۆنترۆڵی ئەوە

بکەیت کە لە کاتی بینینی دەقێک یاخود گوێگرتن لە گۆرانییەک وەرگێڕان لە بیرتدا بوەستێنیت، چونکە بە هەمان شێوە چۆن بیرکردنەوە بە ئینگلیزی کاریگەریی لەسەر قسەکردنت هەیە، بە هەمان شێوە وەرگێڕان لە بیری خۆتدا کاریگەریی لەسەر ئەوە دەبێت کە چۆن بتوانیت بە کاتێکی کەمتر و خێراتر وەڵامی کەسی بەرانبەر بدەیتەوە و بەبێ دووبارە وەرگێڕانەوە لە بیری خۆتدا هەست بە تێگەیشتنی قسەی کەسی بەرانبەر بکەیت، بەهۆی بەردەوامیدان بە پرۆسەی وەرنەگێڕان لە بیری خۆتدا بۆ زمانی ڕەسەنی خۆت لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا هەست بەوە دەکەیت کە تەواو لە پێشوو جیاوازیت، بەمەش هەستێکی جۆش و خرۆش و هاندەرانەت بۆ دروستدەبێت و وادەکات کە بەردەوامببیت.

**چۆن خێراتر قسەبکەم؟**

یەکێک لەو ڕێیانەی کە وادەکات ئاستی زمانی ئینگلیزیەکەت بەرچاوتر و باشتر دەربکەوێت، ئەوەیە کە بتوانیت لە ماوەیەکی کەم و بە شێوەیەکی کورت و پوخت وەڵامبدەیتەوە، ئەوەیە کە بەخێرایی قسەبکەیت، ئەمەیش چۆن دەکرێت و چۆن بتوانین وابکەین کە خێراتر و کورتتر وەڵامبدەینەوە، دووبارە پەیوەستە بە ڕاگرتنی وەرگێڕان بۆ زمانی ڕەسەنی خۆت و بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی، بەڵام کاتێک تۆ ئاستی بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی و توانای ڕاگرتنی وەرگێڕانت لە بیری خۆتدا بەهۆی هەریەکێک لە هۆکارەکان نەبێت، ئەوا چەند تەکنیک و ڕێیەکتان بۆ دەخەمەڕوو کە بتوانیت بەبێ بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی و ڕاگرتنی وەرگێڕان بە ئینگلیزییەکی خێرا قسەبکەیت:

١- خوێندنەوە: کتێب، ڕۆژنامە، هەواڵەکان، ئیمێڵ.

٢- فێربوونی وشەی نوێ: وشەی پێداویستیی ناوماڵ، میوەکان، میکانیکییەکان.

٣- قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانت یاخود قسەکەرێکی ئینگلیزی ڕەسەن.

٤- گوێگرتن لە پۆدکاست، کتێبی دەنگی، گۆرانی.
٥- گەشتکردن بۆ وڵاتێک کە زمانی قسەکردنیان ئینگلیزییە.
٦- پرسیارکردن.
٧- هەبوونی تێبینی.

ئەم خاڵانەی ئاماژەم پێ کردوون، بۆ قسەکردنی خێرا لە زمانی ئینگلیزیدا باشترین ڕێگەن کە لە خوارەوە بەکورتی و بەپوختی باسی سوود و گرنگییان دەکەم.

خوێندنەوە بۆ خێرا قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی
خوێندنەوەی کتێب یاخود هەواڵێک بە زمانی ئینگلیزی بۆ باشترکردنی ئاستی زمانی ئینگلیزیت یارمەتیدەرت دەبێت، ئەویش بەهۆی فێربوونی وشەی نوێ، دەستەواژە و پەندی نوێوە یاخود دەستەواژەی بازاڕی و، فێری نووسینێکی ئەکادیمییش دەبیت، چونکە زۆربەی کتێبەکان یاخود نووسراوی ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان بەتایبەتی وەک بی-بی-سی یاخود سی-ئێن-ئێن بە زمانێکی ئەکادیمی و تەواو ڕێک نووسراون، ئەمەیش لە فێربوونی ئەو دەستەواژە فەرمی و ئەکادیمیانە هاوکارت دەبێت، کە تەنانەت نەک بۆ ئاستی قسەکردن، بەڵکو بۆ ئاستی نووسین لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکانی زمانی ئینگلیزی سوودی لێ دەبینیت.

فێربوونی وشــەی نوێ فێربوونی وشــەی نوێ کـاریگەریی لەســەر ئاســتی قســەکردنی زمانی ئینگلیزیت دەبێت، بۆ نموونە: کاتێک تۆ وشەیەک دەزانیت کە بۆ وەسفکردنی شتێکی گەورە بەکاردەهێنرێت، بەڵام تۆ وشــەیەکی تر بۆ هەمان وشــە فێردەبیت، ئەوا ئینگلیزییەکەت بە شـێوەیەکی ئاســت بەرزتر دەردەکەوێت، وەک ئەم نموونەیەی خوارەوە:

- That is very big, you know?
- Yeah, I know that is massive.

بەم شــێوەیە هەم ئاســتی ئینگلیزیت باشــتردەبێت و هەم وشــەیەک بۆ لیســتی وشــەکانت زیاددەبێت کە ئەمەیش کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر فێربوونی زیاتر دەبێت.

قســەکردن لەگەڵ هـاوڕێکـانـت یـان ئینگلیزێکی ڕەســەنـدا قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ هاوڕێیەکت یاخود لەگەڵ ئینگلیزێکی ڕەســەندا کاریگەرییەکی یەکجار باشــی لەســەر پێشــکەوتنی ئاســتی قســەکردنی ئینگلیزیت بە شـێوەیەکی بەرچاو دەبێت، بەڵام دەستکەوتنی قسەکەری ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتی خۆمـانـدا کەمێک ئەســتەمە، مەگەر ئەو

کەســـە بەشـــداریی خولێکی زمـانـی ئینگلیزیی کردبێـت و وانەبێژەکە قســـەکەرێکی ڕەســـەنی ئینگلیزی بێـت، بەڵام بە هەمان شـــێوە دەتوانیت لەگەڵ هاوڕێکەتدا قســـەبکەیت کە ئەویش خولیای فێربوونی زمانی ئینگلیزیی هەیە، خۆ ئەگەر ویســـتت بەتەنیا بیت و لەگەڵ کەســـدا قســـەنەکەیت، ئەوا دەتوانیت لە مۆبایلەکەی دەستت لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنێکەوە بە ناوی ئاندی ســـوودببینیت کە لە بازاڕگەی پلەی ســـتۆر بەردەســـتە و دەتوانیت هەر وەک هاوڕێیەک یاخود کەسێک بە زمانی ئینگلیزی قسەی لەگەڵدا بکەیت.

گوێگرتن لە پۆدکاست، کتێبی دەنگی، گۆرانی لە لای زۆربەمان ڕوون و ئاشـکرایە کە گوێگرتن یەکێکە لە باشــترین ڕێگەکان بۆ بەرەوپێشــبردنی ئاســتی زمانی ئینگلیزیمان، بەتایبەتی وەک پۆدکاســـت یاخود کتێبێکی دەنگیی دڵخوازی خۆت بە زمانی ئینگلیزی یاخود دەکرێت گۆرانییەکی دڵخوازی خۆت بێت کە ئەمەیش لە باشــترکردنی ئاســتی زمانی ئینگلیزیت هاوکارت دەبێت، ئەگەر تۆ بۆ ماوەی ٦ مانگ گوێ لە ئینگلیزی بگریت، جـا چ لە ڕێیی کتێبی دەنگی یـاخود پۆدکـاســـت بێـت، ئەوا دەتوانیـت بە ئینگلیزییەکی بـاش قســـەبکەیـت، وەک چۆن

ئامـاژەم پێـی دا کە خوێندنەوە کاریگەریی لەســـەر نووســـین دەبێت، ئەوا بە هەمان شـــێوە گوێگرتنیش کاریگەریی لەســـەر ئاســـتی قســـەکردنت دەبێت، هەوڵبدە کە ڕۆژانە بۆ ماوەی ١٥ خولەک گوێ لە پۆدکاستێک بگریت، جا چ لە کاتی ئیشکردندا لە ماڵەوە بێت، بەتایبەتی دایکان و خوشـــکانمان یان چ لە کـاتی ســـەفەرکردنـدا بێـت؛ دەتوانیـت بە هێـدفۆن گوێی لێ بگریت، ئەگەر بەهانەت نەبێت، کەســـی فێرخواز دەتوانێت لە هەر کوێیەک بیەوێـت، کـاتێـک و دەرفەتێـک بقۆزێتەوە، ئەگەر مەبەستی بێت؛ بێگومان ئەگەر مەبەستیشی نەبێت، بەهانەی زۆر باش دەدۆزێتەوە.

گەشتکردن بۆ وڵاتێک کە زمانی قسەکردنیان ئینگلیزی بێت بە هەمـان شـــێوەی گوێگرتن و خوێنـدنەوە گەشـــتکردنیش بۆ وڵاتێک کە زمانی قسەکردنی ئینگلیزی بێت، یاخود لە وڵاتێکدا بژیـت کە مەنهەجی خوێنـدن یـاخود قســـەکردنیـان زمـانی ئینگلیزی بێت، کاریگەرییەکی زیاتر و باشـــتری لە گوێگرتن یـاخود خوێنـدنەوە دەبێـت، چونکە تۆ لەو وڵاتەدا بە زمـانی کوردی یاخود بە زمانی عەرەبی قســـەناکەیت، تەنها زمانی

ئینگلیزییە و ئەمەیش تۆ ناچاردەکات کە فێرببیت و ئاستی زمانی ئینگلیزیت باشتربکەیت.

**پرسیارکردن:**

یەکێک لەو ڕێگەیانەی کە خۆم هەتا ئەم خولەکەی ئێستایش زۆر بەکاریدەهێنم، پرسیارکردن سەبارەت بە زمانی ئینگلیزییە، وەک چۆن لە زمانی کوردیی خۆیشماندا ئەو کەسەی زۆر پرسیار لەبارەی بابەتێکەوە بکات، لە کۆتاییدا شارەزاییەک لەو بوارەدا بەدەستدەهێنێت، لە زمانی ئینگلیزییشدا بە هەمان شێوەیە، دەتوانیت لە مامۆستاکەت لە زانکۆ، پەیمانگە، فوتابخانە... هتد پرسیاربکەیت کە ئەمەیش کاریگەرییەکی بەرچاوی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی باشتر و زیاتر لەسەر زمانی ئینگلیزی دەبێت، شەرم لە پرسیارکردن سەبارەت بە هەر شتێک مەکە، نەک تەنها زمانی ئینگلیزی، بەڵکو سەبارەت بە هەر شتێک بێت، چونکە هەر پرسیارکردن و بەدواداچوونە کە بە ئامانجەکەت دەتگەیەنێت.

**هەبوونی تێبینی:**

هەبوونی تێبینی لەسەر کاغەزێک سەبارەت بەو وشانەی کە فێربوویت، دەبێت بە هۆی ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی درێژتر وشەکە لە بیرتدا بمێنێتەوە.

**تەکنیکی ناولێنانی ئۆبجێکتەکان:**

تەکنیکی ناولێنانی ئۆبجێکتەکان بۆ سەرەتای دەستپێکردنی بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی و قسەکردنێکی خێراتر یەکێک لە تەکنیکە هەرە باشەکانە، مەبەست لە ناولێنانی ئۆبجێکتەکان لە زمانی ئینگلیزیدا چییە؟ مەبەستی ئەم تەکنیکە بریتییە لە ناولێنانی شتەکانی دەوروبەرت بە زمانی ئینگلیزی، بۆ نموونە: پەرداخێک یاخود کەوچکێک یاخود ئەو شتە سادانەی کە لەماڵەوە هەن، بەمەیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و بە بەردەوامبوونت لەسەر ئەم پرۆسەیە بیرت ڕاستەوخۆ وشەکە بە زمانی ئینگلیزی وەردەگرێت، ئەگەر نموونەیەکی سادە بهێنینەوە، وەک: چەقۆ – Knife، بەم شێوەیە وردە وردە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناوی ئۆبجێکتەکانی دەوروبەرت بۆ زمانی ئینگلیزی بگۆڕە، هەتا دەبێت بە خوویەک لە بیر و ڕۆتینی

ژیانتدا و پاشـان هەسـت بە کاریگەرییەکەی دەکەیت، سـەرەتا دەسـت بە گۆڕینی ناوی شـتە ئاسـانەکان بۆ زمانی ئینگلیزی بکە، وەک: میوەکان یان پێداویسـتییەکانی ناوماڵ، بێگومان ئەویـش پەیـوەسـت بە زانـیـنـی وشـەکـانەوەیە کە بە پێـداویسـتییەکـانی نـاومـاڵەوە پەیوەسـتن، دەتوانیـت لە ئینتەرنێت یاخود لە کتێبخانەکاندا کتێبی وشـەکانی زمانی ئینگلیزی بۆ خۆت دەسـتبخەیت و سـوودی لێ ببینیت، زۆر ئاسـاییە کە لە ماوەی یەک هەفتەدا ڕۆژانە ٣ وشـە بۆ زمانی ئینگلیزی بگۆڕیت، لەبیرت بێت کە ٣ لێکدانی ٧ دەکات بە ٢١ وشە لە یەک هەفتەدا! کە ئەمەیش بەڕاستی بۆ زیاتر فێربوونی وشـەی نوێ و گۆڕینی ناوی شـتەکانی دەوروبەرت بۆ سـەر زمـانی ئینگلیزیـت ئەنجـامێکی زۆر بـاشـە، ئـاگـاداربە! لەم پرۆسـەیەدا تەنها ٤ شـت هاوکارت دەبێت، ئەوانیش بریتین لە کۆڵنەدان، بەردەوامی، فێربوون و گەشەکردن.

## تەکنیکی دەستپێکردنی ڕستەی بچووک:

یەکێک لە تەکنیکە باشەکان بۆ سەرەتای دەستکردن بە بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی ئەوەیە کە بە ڕستەی سادە و بچووک دەستپێبکەیت نەک ڕستەیەکی درێژ یاخوود ئاڵۆز، چونکە دەستکردن بە ڕستەی درێژ و ئاڵۆز هەستێکت لە لا دروستدەکات کە تۆ ئاستێکی باشت لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، بۆیە لە ڕستەی زۆر سادە و ئاسانەوە دەستپێبکە، لە سەرەتای دەستپێکردنی بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی ڕووبەڕووی هەندێک ئاستەنگ دەبیتەوە کە خۆیشم ئێستا هەندێک جار ڕووبەڕوویاندەبمەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەندێک جار بیرکردنەوە ئینگلیزییەکە لەگەڵ زمانە ڕەسەنەکەی خۆتدا تێکەڵدەبێت، لەم حاڵەتەدا تەنها پێویستت بە بەردەوامییە و ئەم شتە لە سەرەتای دەستپێکردنی بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی ئاساییە، چونکە کەمێک کاتی پێ دەچێت هەتا لەگەڵیدا ڕادێیت، بەڵام ئەی ئەگەر نەتوانیت لە سەرەتای دەستپێکردنتدا کۆنترۆڵی خۆت بکەیت، چارەسەر چییە؟ چارەسەری ئەم حاڵەتە بەو تەکنیکەیە کە باسمکردووە،

ئەویش دەستکردنە بە ڕستەی سادە و بچووک، ئەم ڕستەیەی خوارەوە بە نموونە:

*I want to go to the sea today, because the weather is nice.*

تۆ لێرەدا ئەم ڕستەیە بۆ دوو بەش دابەشبکە، وەک ئەم شێوازەی خوارەوە:

*1- "I want to go to the sea today"*

*2- "The weather is nice"*

بەم شێوەیە وردە وردە وەرگێڕانی ڕستەی بچووکیشت نامینێت.

## تەکنیکی پێناسەکردنی وشەکان:

یەکێکی تر لە تەکنیکە ناوەزەکان بریتییە لە پێناسەکردنی وشەکان، مەبەست لەم تەکنیکە چییە؟ بۆ نموونە: وشەیەک لە ڕستەیەکدا دەبینیت و تۆ واتای ئەو وشەیە نازانیت و، بەهۆی ئەمەیشەوە ناتوانیت بەتەواوی لە واتا ڕستەکە تێبگەیت، تۆیش بەبەکارهێنانی ئەم تەکنیکە و سوودوەرگرتن لە واتای ڕستەکە دەتوانیت واتای وشەکەت دەستبکەوێت، بەم شێوەیەیش هەم فێری واتای وشەکە دەبیت و هەم فێریشدەبیت کە چۆن بتوانیت بۆ ڕستەکانی داهاتوو فێرببیت و بتوانیت پێناسەی وشەکە بکەیت، شێوازێکی تر بۆ پێناسەکردنی وشەکان کە ئەویش کاریگەرییەکی زۆر باشی لەسەر ڕاهاتنت لەسەر بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی دەبێت، ئەوەیە کە بۆ نموونە وشەی چەقۆ – Knife، بە زمانی ئینگلیزی لە بیری خۆتدا بتوانیت پێناسەیەکی بکەیت، بەم شێوەیە دەتوانیت بۆ وشەکانی تریش سوودی لێ ببینیت، ئەم گفتوگۆیەی نێوان جاک و ئادەم بە نموونە:

Jack: Hey Adam, could you tell me what is knife, please?

Adam: A knife is a tool or weapon with a cutting edge or blade.

ئەمە نمونەیەک لەســەر پێناســەکردنی وشــەیەک بوو، ئەم نموونەیەی خوارەوەیش لەســەر چۆنیەتیی تێگەیشــتن لە واتای وشەیەکە:

Jack used knife to cut the tomato.

ئەگەر ســەیری ڕســتەکە بکەین، واتە 'چاک ___ بۆ وردکردنی تەمـاتەکـان بەکـاردەهێنێـت'، لێرەدا وردکردن یـاخود بڕینمان دێتە بەرچاو و ڕاســتەوخۆ دەزانین کە واتای وشــەی نایف لە زمانی ئینگلیزیدا چەقۆیە.

## تەکنیکی بیرکردنەوە لە ڕستەکان

تەکنیکێک بۆ بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی ئەوەیە کە بیر لە ڕستەیەک یاخود دەستەواژەیەک بکەیتەوە کە لە فلیمێک یاخود گۆرانییەک گوێت لێی دەبێت، تۆ ڕاستەوخۆ لە بیری خۆتدا بیری لێ بکەوە کە مەبەستی چییە، با نموونە بە ڕستەیەک بهێنمەوە، بۆئەوەی زیاتر لە لاتان ڕوون بێت کە مەبەستم لە تەکنیکی بیرکردنەوە لە ڕستەکان چییە:

I want to trip for U.S.A.

لێرەدا ئێمە ئەو ڕستەیەمان هەیە، واتە 'من دەمەوێت بۆ ئەمریکا ___ بکەم'، تۆیش لە بیری خۆتدا بیربکەوە و بڵێ هم، لەوانەیە ئەو بڵێت کە دەمەوێت گەشتێک بۆ ئەمریکا بکەم؛ بەڵێ، بەتەواوی دروستە، بەڵام ئاگاداربە! پێویستە بە ئینگلیزی ئەمە لە بیری خۆتدا بڵێیت، وەک ئەم شێوازەی خوارەوە:

HM, He want to trip for U.S.A, I think him mean’s is he want to travel for U.S.A.

بەم شـــێوەیە وردە وردە ڕادێیت کە بە زمـانـی ئینگلیزی بیر لە ڕسـتەکان بکەیتەوە، کە ئەوەیش لە بەرەوپێشچوونت لە زمـانـی ئینگلیزیـدا هـاوکـارت دەبێـت و چیتر لە مێشـــکی خۆتـدا ڕستەیەک وەرنەگێڕیت کە لە وشەیەک یاخود لە واتای ڕستەکە تێنەگەیت، یەکێکی تریش لە ڕێگەکان ئەوەیە کە لە مەبەسـتـی بـابەتەکە تێبگەیـت، بۆ نموونە: ســـەیری فلیمێـک دەکەیـت و دەتەوێت بزانیت کە بارودۆخەکە باســی چی دەکات، ئەمەیش لە زیـاتر تێگەیشـــتنت لە ڕســـتەکـانی داهـاتوویش هـاوکـارت دەبێت.

## تەکنیکی پێناسەکردنی ڕۆژەکەت:

ئەم جۆرە تەکنیکەیان هەم بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی نووسین و هەم بەرەوپێشچوونی ئاستی قسەکردن و بیرکردنەوەت و بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی ئینگلیزییشت سوودی هەیە، بەڵام مەبەست لەم تەکنیکە چییە؟ مەبەستی ئەم تەکنیکە ئەوەیە کە بتوانیت باسی ڕۆژەکەت بە زمانی ئینگلیزی بکەیت، بۆ نموونە: من ئەمڕۆ چوومەسەر کار، پاشان کارەکانم بەباشی کرد و پاشان بۆ ماڵەوە گەڕامەوە و لەگەڵ خێزانەکەمدا کاتێکی خۆشمان بەسەربرد، یان ئەگەر سەیری فلیمێکت کردبێت، دەتوانیت لە پێناسەکردنی ڕۆژەکەتدا باسی فلیمەکە بکەیت کە سەیرتکردووە، بەڵام لەو کاتەی کە باسیدەکەیت، پێویستە بیرکردنەوەت ئینگلیزی بێت. ئەگەر سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەیت، باشتر لە بابەتی تەنکنیکی پێناسەکردنی ڕۆژەکەت تێدەگەیت:

I wake up at 6 o’clock. I get up at 6.50. I make a cup of tea and iron my clothes. I have a shower and get dressed. I usually wear jeans, a blouse, a jumper or cardigan and boots in the winter, or a skirt and blouse in the summer. I brush my hair, put on my make-up. I pack my bag with all my teaching materials.

تۆیش بە هەمان شێوەی ئەم نموونەیە دەتوانیت پێش خەوتن پێناسەی ڕۆژەکەت بکەیت، جا ئەگەر بیرکردنەوەکەت لەسەر کاغەز بنووسیت، ئەوا باشترە؛ ئەگەرنا دەتوانیت هەر لەسەر جێیەکەت بە ئینگلیزی پێناسەی ڕۆژەکەت بکەیت، بەم شێوەیەیش سوودی دەبێت و بە هەمان شێوەی نووسینەکە کاردەکات، یاخود دەتوانیت لە کاتە بەتاڵەکانتدا ئەو بیرکردنەوانەی لە بیرتدا هەیە، بە ئینگلیزی دەریانببڕیت، بەم شێوەیەیش وادەکەیت کە دەربڕینی بیروڕاکانت بۆ کەسی بەرانبەر بەکۆمێنتێک لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بگۆڕیت.

## تەکنیکی خەیاڵکردن بە زمانی ئینگلیزی:

یەکێک لە ناوازەترین تەکنیکەکانە، بۆئەوەی بتوانیت فێربیت کە چۆن خەیاڵکردنت بە هەمان شـێوەی بیرکردنەوە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی بگۆڕیت، ئەویش لەسـەر چەند شـتێک بەندە کە پێویسـتە لەگەڵتاندا ڕاشـکاو بم، ئەوانیش هەبوونی ئـاسـتێکی بـاش یـاخود مـامنـاوەنـد لە زمـانی ئینگلیزیـدا، هەروەهـا هەبوونی وشـە و دەسـتەواژەی بـاش، چونکە لەوە یـارمەتیـدەرت دەبێـت کە زیـاتر و بۆ مـاوەیەکی درێژتر بە زمـانی ئینگلیزی خەیـاڵبکەیـت، بۆ نموونە: چۆن پەرداخێـک دەهێنیـت و لە ئـاو پڕیـدەکەیـت، بـا بەم نموونە سـادەیە وابکەین کە خەیاڵ بە زمانی ئینگلیزی بکەین، تۆ بە زمانی کوردی بە شـێوەیەکی ئاسـایی کە پەرداخێک دەبینیت، دەڵێیـت پەرداخەکە هەڵـدەگریـت و بەلوعەکە دەکەیتەوە و ئاوەکە دێتەدەرەوە و پەرداخەکە دەخەیتەبەری و پڕئاودەبێت، بەم شـێوەیە بە زمانی ئینگلیزی خەیاڵبکە هەتا وردە وردە بۆ شتەکانی تریش کارت بۆ ئاساندەکات، لەبیرت بێت کە لە شتە سـەرەتاییەکانەوە دەسـتپێبکە، پاشـان بۆ شـتە ناوەند و بەرزەکـان بچۆ، چونکە ئەگەر بەو شـێوەیە نەبێـت، دووبـارە

هەســـت بە کەموکورتییەک ســـەبـارەت بە ئـاســـتی زمـانی ئینگلیزیـت دەکەیـت، بەڵام ئەگەر لە شـــتە بچووکەکـانەوە دەســـتپێبکەیـت، ئەوا هـاوکـارتـدەبێت و بۆ بەردەوامبوون بۆ شـتەکانی تر هانتدەدات، یاسـای مێشـک وایە کە هەر شـتێک دڵخۆشـــیبکات و چێژی پێ ببەخشـێت، داوای زیاتر دەکات. ئێســـتایش نموونەیەکتان بە زمانی ئینگلیزی نیشـــاندەدەم، بۆئەوەی لە لاتـان ڕوون بێـت کە چۆن بـتـوانن تەکنیکی خەیـاڵکردن بە زمـانی ئینگلیزی بەکـاربهێنن وەک چۆن پەرداخێک دروستدەکرێت:

Glass is **made from natural and abundant raw materials** (sand, soda ash and limestone) that are melted at very high temperature to form a new material: glass. At high temperature glass is structurally similar to liquids, however at ambient temperature it behaves like solids.

## تەکنیکی قسەکردن لەگەڵ خۆت:

ئەم جۆرە تەکنیکەیان لەوانەیە لە لاتان کەمێک شێتانە دەربکەوێت، بەڵام بەڕاستی یەکێک لە تەکنیکە هەرە باشەکانە کە خۆم هەم بۆ زمانی ئیسپانیایی و هەمیش زمانی ئینگلیزی سوودم لێی بینیوە، لە کاتێکدا کەسێک نەبووە کە بتوانم گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم، تۆیش دەتوانیت تەکنیکی قسەکردن لەگەڵ خۆتدا بەکاربهێنیت، بۆئەوەی هەم ئاستی قسەکردنت بەرەوپێشبچێت و هەم ئاستی بیرکردنەوەت بە زمانی ئینگلیزی بەرەوپێشبچێت، من لێرەدا چەند ڕێگەیەکتان پێ دەڵێم کە دەتوانن بۆ باشترکردنی قسەکردنتان بە زمانی ئینگلیزی و بیرکردنەوەتان بۆ قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی سوودی لێ ببینن:

١- قسەکردن دەربارەی شتێک.

٢- دروستکردنی گفتوگۆ بە خەیاڵ.

٣- باسکردنی کەش.

٤- بەکارهێنانی تەکنیکی ئاوێنە.

ئەم چوار ڕێگەیەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێیان داوە، چوار ڕێگەن کە خۆم ئەزموونمکردوون و بەشێکی بە ئەزموونی خۆم

و بەشێکیش لە سەرچاوەکانی ئینتەرنێتەوە لێوەی فێربووم، کە پشتیوان بە خودا دانە دانەی خاڵەکان بەکورتی و بەپوختی باسدەکەم، بۆئەوەی لە لاتان ڕوون بێت کە مەبەست لەو خالانە چییە کە خۆم چەند ساڵێکە لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی و زمانی ئیسپانیایی بەکاریاندەهێنم، بۆئەوەی ئێوەیش بتوانن سوودیان لێ ببینن و، ئەم نموونەیەی خوارەوە نموونەیەکە لەسەر چۆنیەتیی دروستکردنی گفتوگۆیەکی گەرموگوڕ وەک خۆناساندن بە کەسی بەرانبەر:

1- What's your name? My name is Patricia.
2- How old are you? I'm 23 years old.

**قسەکردن دەربارەی شتێک:**

تەکنیکی قسەکردن دەربارەی شتێک ئەوەیە کە تۆ بتوانیت لە خەیاڵی خۆتدا باسی شتێک بکەیت، کە ئەمەیش بە سوودوەرگرتن لە تەکنیکی خەیاڵ دەبێت کە لە بابەتەکانی پێشووتردا باسمکردووە، تۆ خەیاڵبکە کە بۆ هەزاران کەس سەبارەت بە زیانەکانی گەرمبوونی زەوی یاخود زیانەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەلایەن گەنجان و منداڵانەوە قسەدەکەیت کە کردنی ئەم تەکنیکە لە دوو لایەنەوە دەتوانیت قازانجی لێ بکەیت، یەکەم: شەرمت لە قسەکردن لە

بەرانبەر خەڵکی نامێنێت، چونکە تۆ سـەرەتا خەیاڵێکت کردووە کە لە بەرانبەر هەزاران کەسـدا قسـەدەکەیت، دووەم: خەیاڵ و بیرکردنەوە و قسـەکردنت بە زمانی ئینگلیزی، هەرسـێکیان بەیەکەوە گەشـەیەکی تەواو بە خۆیانەوە دەبینن، واتە لەبری ئەوەی بە یەک بەرد دوو باڵندە بکوژیت، ئەوا بە یەک بەرد سـێ باڵندە دەکوژیت.

**دروستکردنی گفتوگۆ بە خەیاڵ:**

ئەم تەکنیکەیشـیان لە تەکنیکی پێشـترەوە نزیکە، بەڵام ئەمەیان تەنها کاریگەریی لەسـەر خەیاڵکردن و گفتوگۆکردنت بە زمانی ئینگلیزی دەبێت، با من نموونەیەکت لەسـەر ئەو جۆرە تەکنیکە پێ بدەم، بۆ نموونە: وایدابنە کە پەیامنێرێک سـەبارەت بە کاریگەریی یاریی پۆبجی لەسـەر گەنجان و منداڵان لە هەرێمی کوردسـتاندا پرسـیار لە تۆ دەکات، وایشـیدابنە کە پەیامنێرێک لە کەناڵی فۆکس نیوز یان سی_ئێن_ئێنەوە هاتووە و تۆیش پێویستە بە زمانی ئینگلیزی وەڵامیبدەیتەوە، بەم شـێوەیە دووبارە ئاسـتی قسـەکردنت و بیرکردنەوەت بۆ قسـەکردن بە ئینگلیزی بەرەو ئاسـتێکی بەرز دەڕوات و لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەرییەکەی دەبینیت، بەتایبەتی کاتێک لەگەڵ قسـەکەرێکی ڕەسـەنی زمانی ئینگلیزیدا قسەدەکەیت.

**باسکردنی کەش:**

دەتوانیت سەبارەت بە کەش بە زمانی ئینگلیزی هەم بە شێوەی هزری و هەم بە شێوەی قسەکردن لەگەڵ خۆتدا قسەبکەیت، کە ئەمەیش کاریگەرییەکی تەواو لەسەر بەرەوپێشچوونی ئاستی زمانیت دروستدەکات.

## بەکارهێنانی تەکنیکی ئاوێنە:

بەکارهێنانی تەکنیکی ئاوێنە یەکێک لە تەکنیکە هەرە دیارەکانە بۆ ئەو کەسانەی کە هەم شەرمیان لە قسەکردندا هەیە وهەم بۆ ئەو کەسانەیش کە دەیانەوێت تەنها بە پشتبەستن بە خۆیان و بەبێ هیچ کەسێکی تر ئاستی زمانی ئینگلیزییان بەرەوپێشببەن، چۆن بتوانین ئەم تەکنیکە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاربهێنین؟ من لێرەدا چەند نموونەیەکی سادە و ئاسان دەخەمەڕوو، بۆئەوەی بتوانن بەئاسانی لە ژیانی ڕۆژانەتاندا یان لە کاتە بەتاڵەکانتاندا تەکنیکی ئاوێنە بەکاربهێنن، یەکێک لە تەکنیکەکانی بەکارهێنانی تەکنیکی ئاوێنە ئەوەیە کە وا خەیاڵبکەیت کە تۆ لە خواردنگەیەکدا کاردەکەیت و پیشە پیرۆزەکەی تۆ گارسۆنی خواردنگەکەیە و کەسێک لە مێزی ژمارە ٥ بانگتدەکات و تۆیش بە ئینگلیزی پێی دەڵێیت: "فەرموو بەڕێزم، چۆن بتوانم هاوکاریتبکەم؟" ئەویش بۆ نموونە دەڵێت: "چ جۆرە خواردنێکتان هەیە؟"

تۆیش وا ئەکـت لە بەرانبەر ئـاوێنەکەدا دەکەیـت، کە وەڵامی پرســـیـارەکـانی دەدەیتەوە و بەم شــێوەیە هەتـا گفتوگۆکە بەردەوامدەبێت، هەڵبەت دەتوانرێت ئەم تەکنیکە بۆ زۆر کاری تر بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە: قسەکردن لەگەڵ خۆتدا وەک دوو کەس، بەم شــێوەیەیش دەتوانیـت ئـاســتی خەیـاڵکردن بە ئینگلیزی و قســەکردنت بە زمانی ئینگلیزی بەرەوپێشــببەیت. ئەم وێنەیەی خوارەوەیش چۆنیەتیی بەکـارهێنـانی تەکنیکی ئاوێنە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی زمانی ئینگلیزیتە:



## تەکنیکی سکریپتکردن:

تەکنیکی سـکریپتکردن لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ باشـترکردن و بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزیت بەبێ هیچ کەسـێک تەکنیکێکی زۆر باوە، مەبەسـت لە بەکارهێنانی تەکنیکی سـکریپت ئەوەیە کە تۆ بابەتێک دەهێنیت و بە شێوەی نووسراو قسەی لەسەر دەکەیت، جا چ قسـەکردنێک بێت بە دەنگی بەرز یاخود قسەکردن بێت بە شێوەی هزری، کە ئەگەر بتوانیت بە هەردوو شـێوەکە لە کاتی جیاجیادا بیکەیت، ئەوا هەم لە لایەنی بیرکردنەوە بە ئینگلیزی و هەم لە لایەنی قسـەکردن بە زمانی ئینگلیزی سـوودی تەواوی لێ دەبینیت، نموونەیەک لەسـەر بەکارهێنانی سـکریپت لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ باشـترکردنی ئاسـتی زمانیت ئەوەیە، کە بۆ نموونە: بابەتێک بهێنین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، جا هەر چ جۆرە بابەتێک بێت، بابەتی وەرزشی، سیاسی، ئابووری ... هتد بێت.

## تەکنیکی شادۆوینگ:

تەکنیکی شـــادۆوینگ یەکێک لە نایابترین تەکنیکەکانە کە بۆ باشـــترکردن و بەهێزکردنی شـــێوازی دەربڕینی وشـــەیەک بەکاردەهێنرێت، چۆنیەتیی بەکارهێنـانی ئەم جۆرە تەکنیکە ئەوەیە، کە بـۆ نمـوونە: کەســـێـک وشـــەیەکـی ئـیـنـگـلـیـزی دەخوێنێتەوە وەک: نایف، تۆیش لەگەڵ دەنگی ئەو کەسەی کە وشـــەکە دەخوێنێتەوە، هەمـان وشـــە دووبـارەدەکەیتەوە، بە دووبـارەکردنەوەی تەکنیکی شـــادۆوینـگ بە مـاوەیەکی کەم ئاســـتێکی باش لە چۆنیەتیی شـــێوازی دەربڕینی وشـــەکان پەیـدادەکەیـت کە لەوانەیە پـێشـــتر ئەو وشـــەیەی کە تـۆ پێتوابووبێـت شـــێوازی دەربڕینی دروســـتە، وانەبێـت! بۆیە ڕۆژانە بەردەوامبن، ئەگەر بۆ مـاوەی ٥ خولەکیش لەســـەر تەکنیکی شـادۆوینگ بێت، دواتر بۆ ماوەی یەک هەفتە و دواتر ســـەیری ئاســـتی شـــێوازی دەربڕینی وشـــەکانتان بکەنەوە و بزانن چی بەدیدەکەن!

## تەکنیکی نارەیشن:

تەکنیکی نارەیشن یەکێک لە ئەو تەکنیکە هەرە باوانەیە کە باشترکردنی ئاستی قسەکردن و ئاستی خوێندنەوەت بەرەوپێشەوەدەبات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تەکنیکی نارەیشن چییە، لەوەیە ئەم جۆرە تەکنیکە لە لای هەندێکتان نوێ بێت، تەکنیکی نارەیشن جۆرە تەکنیکێکە کە تۆ لەو کاتەدا ڕۆڵی کەسێک دەبینیت کە بەڵگەنامەییەک دەخوێنێتەوە، بۆئەوەی زیاتر لە لاتان ڕوونببێتەوە کە مەبەستم چییە، ئەم نموونەیەتان بۆ دەهێنمەوە: ڤیدیۆیەک دەهێنیت و لە ڤیدیۆکەدا کاتەکەی شەوە، تۆ دەنگی خۆت لەسەر ڤیدیۆکە تۆماردەکەیت و باسی ڤیدیۆکە دەکەیت، بۆ نموونە:

- شەوێکی تاریک لە نیوەشەودایە، بەڵام لە جیهانی ئاژەڵاندا ئێستا کاتی ڕاوکردنە ... هتد.

تەکنیکی نارەیشن بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت و هەتا زیاتر لەسەر ئەم تەکنیکە بەردەوامبیت، شێوازی دەربڕینی وشەکان و قسەکردن و خوێندنەوەیشت بەرەوپێشدەچێت.

## بەشی دووەم

- بەرەوپێشبردنی ئاستی زمانی ئینگلیزی
- بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندنەوە
- بەرەوپێشبردنی ئاستی گوێگرتن
- بەرەوپێشبردنی ئاستی نووسین
- بەرەوپێشبردنی ئاستی قسەکردن

**بەرەوپێشبردنی ئاستی زمانی ئینگلیزی:**

وەک ئاشـــکرایە کە زمانی ئینگلیزییش وەک هەر شـــتێکی تر پێویســـتی بە ڕاهێنـان و بەرەوپێشـــبردن هەیە، بۆئەوەی هەمیشـــە لە باشـــترین ئاســـتی خۆیدا بمێنێتەوە. لەوانەیە بپرســـیت کە بۆچی من پێویســـتە ڕۆژانە گرنگی بە ئاســـتی زمـانی ئینگلیزیم بـدەم؟ یـاخود بۆچی پێویســـتە ڕۆژانە بەرەوپێشـــیببەم؟ هۆکاری پێویســـتیی گرنگیدانت بە ئاســـتی زمـانی ئینگلیزیـت نوێبوونەوەی ڕۆژانەی زمـانی ئینگلیزییە، سـاڵانە سـەدان وشـەی نوێی بۆ دێت و، سـاڵانە چەندین وشـە بەسـەردەچـن و چـیـتر لەلایەن بەکـارهـێـنەرانـی زمـانـی ئینگلیزییەوە بەکارنایەن. ئەو لیســـتەی خوارەوە هەندێک لەو وشـــانەن کە لە ســـاڵی ٢٠٢١ل هـاتوونەتە نێو زمـانـی ئینگلیزییەوە:

**1. Adulting**
**Definition***:* The action of becoming or acting like an adult.

**2. Awe walk**
**Definition***:* **Taking a walk outside and making an effort to look at the things around you.**

**4. Doom scrolling**
**Definition:** Reading the news on social media and expecting it to be bad.

ئەمانە تەنها ٣ وشەن کە لە ساڵی ٢٠٢١ل لەلایەن ئۆکسفۆردەوە زیادکراوە، وشەی زیاتریش هەیە و دەتوانن بۆی بگەڕێن، بۆیە دەبێت ئاگاداربیت کە وشەکان ساڵانە دەگۆڕێن و چیتر لەلایەن قسەکەرە ڕەسەنەکانەوە بەکارنایەت.

**٦ ڕێگا بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی زمانی ئینگلیزیت بەخێرایی:**

زۆر جار یەکێک پرسیارت لێ دەکات کە چۆن بتوانم بەخێرایی ئاستی زمانی ئینگلیزیم لە ماوەی یەک دوو هەفتەدا بەرەوپێشببەم، ئایا لە لات شتێکی نامۆیە؟ بێگومان دەتوانیت نەک لە ماوەی دوو هەفتەدا، بەڵکو لە ماوەی هەفتەیەکیشدا ئاستی زمانی ئینگلیزیت بەرەوپێشببەیت. من لێرەدا ٦ تەکنیک بۆ خێرا بەرەوپێشبردنی ئاستی زمانی ئینگلیزیت دەخەمەڕوو کە لەو کاتانە یارمەتیدەرت دەبێت کە تۆ تەنها هەفتەیەک یان دوو هەفتەت مۆڵەتت بۆ تاقیکردنەوەی تۆفڵ یان ئایەڵس هەیە، ئەم ٦ تەکنیکە بەتەواوی لە بەرەوپێشبردنی ئاستی زمانی ئینگلیزیت هاوکارت دەبێت:

**١- سەیرکردنی فلیم بە زمانی ئینگلیزی.**

**٢- سەیرکردنی هەواڵەکان بە زمانی ئینگلیزی.**

**٣- دەستکردن بە نووسینی وشەکان.**

**٤- دروستکردنی پەیوەندی بە زمانی ئینگلیزی.**

٥- ڕاهێنانکردن، ڕاهێنانکردن و ڕاهێنانکردن.

٦- چێژبینین لە پرۆسەی فێربوون.

لە ڕێگەی ئەم ٦ تەکنیکەوە لە ماوەی هەفتەیەکدا دەتوانیت کاریگەریی بەرچاو لەسەر ئاستی زمانی ئینگلیزیت دروستبکەیت و بەرەوپێشیببەیت و، یەک یەک خاڵەکان ڕووندەکەمەوە، بۆئەوەی لە لاتان ڕوون بێت کە بەتەواوی مەبەست لەو شەش تەکنیکە چییە، کە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستت لە ماوەیەکی کورتدا هاوکارت دەبێت، بەتایبەتی کە تۆ بۆ تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئایەڵس و تۆفڵ لە ئامادەکاریدا بیت.

**تەکنیکی یەکەم: سەیرکردنی فلیم بە زمانی ئینگلیزی.**

تەکنیکی سەیرکردنی فلیم تەکنیکێکی زۆر باوە، هەم لە جیهاندا و هەم لە نێو کوردی خۆیشماندا شتێکی باوی فێربوونی زمانی ئینگلیزییە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکەوە فێری هەندێک وشەی پێویست بەتایبەتی وشە نافەرمییەکان دەبیت، کە لە زمانی ئینگلیزیدا لەلایەن گەنجانەوە زۆر بەکاردەهێنرێت.

**تەکنیکی دووەم: سەیرکردنی هەواڵەکان بە زمانی ئینگلیزی.**

ئەگەر لە پێشـــوودا بە زمانی کوردی چ لە ڕێی تەلەفزیۆن یان سۆشـیال میدیاوە سـەیری هەواڵەکانت کردووە، ئەوا بۆ زمانی ئینگلیزی بیگۆڕە، کە بەکـارهێنـانی ئەم تەکنیکە ســـوودی بۆ فێربوونی ئەو وشـــانە دەبێت کە بۆ بوارەکانی ســیاســـەت، وەرزش و ئابووری بەکاردێت؛ یان ئەگەر حەزناکەیت ســـەیری تەلەفزیۆن بکەیـت، ئەوا دەتوانیـت ســـوود لە مـاڵپەڕەکـانی بی_بی_ســی، ســی_ئێن_ئێن، فۆکس نیوس و ئەی_بی_ســی نیوس ببینیت.

**تەکنیکی سێیەم: دەستکردن بە نووسینی وشەکان.**

لە مۆبایلەکەت یاخود دەستنووسی تێبینییەکانتدا ئەو وشانە بنووسە کە لە لات نوێن یاخود ئەو وشانەی کە لە گۆرانییەک، فلیمێک یان هەواڵێکدا گوێت لێی دەبێت، بەڵام چۆن لەو وشـــانە تێبگەم کە نوێن یاخود یەکەم جارمە کە گوێم لێی دەبێت؟ بۆ ئەم حاڵەتە هەوڵبدە کە هاوواتاکەی بدۆزیتەوە، بەم شێوەیە دەتوانیت لە واتای وشەکە تێبگەیت و بەئاسانی لە ژینی ڕۆژانەتدا بتوانیت بەکاریبهێنیت.

**تەکنیکی چوارەم: دروستکردنی پەیوەندی بە زمانی ئینگلیزی.**

دروستکردنی پەیوەندی بە زمانی ئینگلیزی یاخود لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خوازیاری فێربوونی زمانی ئینگلیزین، سوودێکی زۆر باشی بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی قسەکردن و نووسینت بە زمانی ئینگلیزی دەبێت؛ بەتایبەتی ئەگەر لە ڕێی ئۆنلاینەوە بێت، ئەوا تۆ سوودێکی تریش لەم تەکنیکەیان دەبینیت، چۆن؟! هەندێکمان کاتێک دەنووسین، نایخوێنینەوە و بە بیرکردنەوەوە دەنووسین، بەڵام کاتێک تۆ بیکەیت بە نووسینی ئینگلیزی، ئەوا دووبارە بیرکردنەوەی تۆ بە زمانی ئینگلیزی دەبێت و بەم شێوەیە دەتوانیت چێژ لەو کاتە ببینیت کە لە ڕێی دروستکردنی پەیوەندی بە زمانی ئینگلیزی بەسەریدەبەیت.

**تەکنیکی پێنجەم: ڕاهێنانکردن، ڕاهێنانکردن و ڕاهێنانکردن.**

بەردەوامی و ڕاهێنان بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی ئاستی زمانی ئینگلیزیت هۆکارێکی گرنگە، هەوڵبدە کە هەفتانە بەو وشە و زاراوانەدا بچیتەوە کە لە هەفتەکەدا فێریانبوویتە، بەم شێوەیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە یادگەتدا دەمینێتەوە، لە پرۆسەی بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی تەنها فێربوون و گەڕان و بەدواداچوون بەس نییە، بەڵکو بەردەوامی و ڕاهێنان و پێداچوونەوەی ئەو شتانەیش کە فێریانبوویتە، گرنگن.

**تەکنیکی شەشەم: چێژبینین لە پرۆسەی فێربوون.**

وەک ئاشکرایە کە ئەگەر هەر شتێک چێژێک و دڵخۆشییەکمان پێ نەبەخشێت، ئەوا بە ماوەیەکی کورت کۆڵی لێ دەدەین، چونکە وا هەستدەکەین کە ئێمە ئاستێکی وەهامان نییە، بتوانین چێژ لە پرۆسەی فێربوونەکەمان وەربگرین؛ بۆئەوەی بتوانیت چێژببینیت، ئەوا لە شتە بچووکەکانەوە دەستپێبکە، لە نوکتە سادەکاتەوە دەستپێبکە.

**بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندنەوە:**

ئەگەر بتەوێت ئاستێکی باشت لە نووسیندا هەبێت، ئەوا بێگومان دەبێت ئاستێکی باشت لە خوێندنەوەدا هەبێت، بۆئەوەی بتوانیت نووسینێکی ئەکادیمی، نووسینێکی کورت و پوختت بە زمانی ئینگلیزی هەبێت. بە هەمان شێوەی تەکنیکەکانی تر ئاستی خوێندنەوەیش تەکنیک و ڕێی تایبەت بە خۆی بۆ بەرەوپێشبردن هەیە. ئەم خاڵانەی خوارەوە چەند تەکنیکێک بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندنەوەت لە زمانی ئینگلیزیدان:

**١- خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.**

**٢- یاریکردن بە وشەکان.**

**٣- هەڵبژاردنی وشەی ڕۆژەکەت.**

**٤- بەشداریکردن لە یانەی خوێندنەوە.**

**٥- هەبوونی دەستنووسێک.**


**تەکنیکی یەکەم: خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.**

خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان یەکێک لە تەکنیکە سوودبەخشەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەوەی زمانی ئینگلیزییە، بەتایبەتی فێربوونی وشە و زاراوە ئەکادیمییەکان کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکەدا نووسراوە. خۆ ئەگەر بە هەر هۆیەکەوە ڕۆژنامەی ئینگلیزیت دەستنەکەوت، دەتوانیت سوود لە مۆبایلەکەی دەستت ببینیت و سەردانی ماڵپەڕی نیویۆرک تایمز بکەیت و هەواڵەکان بخوێنیتەوە.

**تەکنیکی دووەم: یاریکردن بە وشەکان.**

بیرتە وتم کە لە پڕۆسەی فێربوونتدا چێژ لەبیرمەکە! ئەم تەکنیکە ڕێک درێژ کراوەی بابەتەکەی ترە، چێژ لەبیرمەکە و یاری بە وشەکان بکە، بەس چۆن یاری بە وشەکان بکەم؟! زۆر باشە، ئاسانە و دەتوانیت سوود لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە یارییانە ببینیت کە بۆ یاریکردن بە وشەکان بەکاردێت و چەندین یاریی فیزیایی، یاریی ئۆنلاین و ئەپلیکەیشن هەیە کە دەتوانیت بۆ فێربوونی وشەی نوێ و یاریکردن بە وشەکان

دایـانببەزێنیـت، هـاوکـات دەتوانیـت وەک یـاریی ئـاســـن بۆ مێشـــکیش ئەم تەکنیکە بەکـاریببهێنیـت. ئەم وێنەی خوارەوە باسـی چۆنیەتیی یاریکردن بە وشـەکان دەکات، بۆئەوەی زیاتر لە لاتان ڕوون بێت:




ئەمە وێنەی خشـتەکەیە کە چۆن بتوانیت وشـەکان بدۆزیتەوە و یاری بە وشـەکان بکەیت.

**تەکنیکی سێیەم: هەڵبژاردنی وشەی ڕۆژەکەت.**

وشـــەی ڕۆژەکەت هەڵببژێرە و لە زۆرترین ڕســـتەدا لە کـاتی بیرکردنەوەتدا بەکاریبهێنە، بەم شـێوەیە بۆ ماوەیەکی زۆرتر و درێژتر لە یـادگەتـدا دەمێنێتەوە، بەڵام چۆن بتوانین وشـــەی ڕۆژەکەمـان هەڵـبـبـژێـریـن؟ دەتـوانـیـت ئەو وشـــەیەی کە ســـەرنجتڕادەکێشـــێت، لە کتێبێکدا یان لە هەر پۆســـتێکی

سـۆشـيال ميديادا هەڵبژێرێت و بەکاریبهێنێت. بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە تێبگەیت، سەیری ئەم دەقەی خوارەوە بکە:

**Choosing and Using the Word of the Day**

1- Pick a word that is in common usage.

**تەکنیکی چوارەم: بەشداریکردن لە یانەی خوێندنەوە.**

ڕێگەیەکی باشە، ئەگەر بتوانیت بەشداریی یانەیەکی خوێندنەوە بە زمانی ئینگلیزی بکەیت و دواتر بتوانن گفتوگۆ لەسەر وشەیەک یاخود بابەتەکە بکەن، بۆئەوەی زیاتر لە مەبەستی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی تێبگەن؛ خۆ ئەگەر یانەیەکی ئاوها لە شارەکەتدا نەبوو، یاخود بەهۆی هەر یەکێک لە هۆکارەکانەوە نەتتوانی بەشداریبکەیت، ئەوا دەتوانیت خۆت کتێبێکی زمانی ئینگلیزی بەپێی ئاستی خۆت دەستبخەیت.

**تەکنیکی پێنجەم: هەبوونی دەستنووسێک.**

بوونی دەستنووسێک(دەفتەرێکی تێبینی) زۆر بەسوود دەبێت، بەتایبەتی کاتێک وشەیەک یان ئیدیەمێک سەرنجڕاکێش دەبینیت و دەتەوێت فێریببیت.

**بەرەوپێشبردنی ئاستی گوێگرتن:**

ئەگەر دەتەوێت ئاستی قسەکردنت بە زمانی ئینگلیزی ئاستێکی بەرز بنوێنێت، ئەوا بێگومان پێویستە ئاستی گوێگرتنت لە ئاستێکی باشدا بێت، بۆئەوەی بتوانیت هەم لە کاتی قسەکردن و هەم لە کاتی گوێگرتنیشدا تێگەیشتنێکی باشت لە کەسی بەرانبەر هەبێت؛ بۆیە زیاتر جەخت لەسەر لایەنی گوێگرتن دەکەمەوە، چونکە یەکێک لە هەرە خاڵە گرنگەکان بۆ توانینی قسەکردن و تێگەیشتن لەو کەسانەیە کە زمانی ئینگلیزی زمانی دایکیانە، چونکە لەوانەیە ئەو شێوازەی کە تۆ لە دەربڕینی وشەیەک بەکاریدەهێنیت، بەو شێوازە نەبێت کە ئەوان دەریدەبڕن. لە خوارەوە چەند خاڵێک هەیە کە دەتوانیت بۆ باشترکردنی ئاستی گوێگرتنت لە زمانی ئینگلیزیدا سوودیان لێ ببینیت:

**١- خوێندنی ئینگلیزی.**

**٢- گوێگرتن لە پۆدکاست.**

**٣- گوێگرتن لە گفتوگۆی ئینگلیزی.**

**٤- خوێندنەوە و گوێگرتنی هەمانکاتی.**

**٥- گوێگرتن لە کاتی خەوتندا.**

ئەم ٥ تەکنیکە باشترین تەکنیکەکانی باشتکردنی ئاستی گوێگرتن بەخێرایی و لە ماوەیەکی کەمدان، چونکە وەک لە لای زۆربەمان ئاشکرایە کە ئێمە ئارەزوومان ئەوەیە کە شتێک

بەخێرایی فێرببین؛ ئەم ٥ تەکنیکەیش بە هەمان شـــێوەیە کە تۆ دەتەوێت.

## تەکنیکی یەکەم: خوێندنی ئینگلیزی

مەبەست لە تەکنیکی خوێندنی ئینگلیزی ئەوەیە کە تۆ ڕۆژانە بۆ مـاوەی ١٥ خولەک بۆ ٢٠ خولەک بتوانیـت بە زمـانی ئینگلیزی بخوێنیت، واتە بتوانیت بە زمـانی ئینگلیزی خۆت فـێـربـکەیـت کە ئەمەیـش هـاوکـارت دەبـێـت لەوەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا کاتێک شـارەزاییەکت لە زمانی ئینگلیزیدا پەیـداکرد، بتوانیـت ئەو بـابەتەی کە دەتەوێـت، بە زمـانی ئینگلیزی بەبێ هیچ کێشەیەک لە تێگەیشتنی بابەتەکە خۆتی تێدا شارەزابکەیت.

## تەکنیکی دووەم: گوێگرتن لە پۆدکاست

ئەم جۆرە تەکنیکە بۆ باشـترکردنی ئاسـتی زمانی ئینگلیزی لە ڕووی گوێگرتنەوە زۆر باوە، مەبەســـت لەم تەکنیکە ئەوەیە کە بتوانیـت گوێ لە هەمـان جۆری ئەو پۆدکـاســـتە بگریـت کە هەفتانە کە کەســـی خـاوەنپۆدکاســـت بڵاویدەکاتەوە، جا بە ئەکســـێنتی ئەمریکایی یاخود بەریتانیایی بێت، تۆ هەفتانە گوێ لە هەمان ئەو پۆدکاســتە بگرە. بەم شـێوەیە بە ماوەیەکی

کەم ئاستێکی باش لە گوێگرتن بەدەستدەهێنیت، وەک پێشتر وتم، ئەگەر کەسێک تەنها ماوەی ٦ مانگ گوێبگرێت، دەتوانێت بە ئینگلیزییەکی بێکێشە قسەبکات؛ دەتوانیت لە شوێنی کارەکەت، لە کاتی بەتاڵ، لە کاتی شۆفێریشدا هەندێک کات دەتوانیت گوێ لە پۆدکاست بگریت.

**تەکنیکی سێیەم: گوێگرتن لە گفتوگۆی ئینگلیزی**

ڕۆژانە بە شێوەی دەنگی یان دەنگ و ڕەنگ گوێ لە گفتوگۆی زمانی ئینگلیزی بگرە، بۆئەوەی لە شێوازی هەڵسکەوت و گفتوگۆی قسەکەرە ئینگلیزە ڕەسەنەکان شارەزابیت. ئەم تەکنیکە لەسەر چۆنیەتیی گفتوگۆکردن لە زمانی ئینگلیزیدا سوودت پێ دەگەیەنێت.

**تەکنیکی چوارەم: خوێندنەوە و گوێگرتنی هەمانکاتی**

لەوانەیە لە لات سەیر بێت کە لە هەمان کاتدا بخوێنیتەوە و گوێبگریت! جا شتی وا چۆن دەبێت؟! بەڵێ، بێگومان دەبێت. ئەم ڕێگەیە یەکێک لە ڕێگە ناوازەکانی بەرەوپێشبردنی هەردوو ئاستی گوێگرتن و خوێندنەوەت لە هەمان کاتدایە، بگرە ئەگەر تۆ بخوێنیەوە و گوێبگریت، سوود و کاریگەریشی لەسەر ئاستی نووسینیشت دەبێت، بەڵام مەبەست لە خوێندنەوە و

گوێگرتنی هەمانکاتی ئەوە نییە کە تۆ کتێبێک بخوێنیتەوە و گوێ لە شتێکی تریش بگریت! نەخێر، مەبەست لەم تەکنیکە ئەوەیە کە کاتێک بۆ نموونە تۆ ڕۆمانی ڕۆمیۆ و جولێت دەخوێنیتەوە، هەوڵبدە لە ڕێگەی کتێبی دەنگییشەوە گوێ لە هەمان ڕۆمان بە زمانی ئینگلیزی بگریت.

## تەکنیکی پێنجەم: گوێگرتن لە کاتی خەوتندا

لەوانەیە ئەم تەکنیکەت بە لاوە سەیربێت! خۆ ئێمە کاتێک دەخەوین، ئاگامان لە هیچ نییە و تەنها خەوتووین! نەخێر، ئەم تەکنیکە یەکێک لە تەکنیکە بەسوودەکانە کە کاتێک دەخەویت، گوێ لە کتێبێکی دەنگی یاخود پۆدکاستێک بگریت. بەم شێوەیە لە کاتی خەوتنتدا مێشکی نائاگات بەئاگایە، وەک دەیشزانین کە مێشکی نائاگا سەدان جار لە مێشکی ئاگا خێراترە، واتە لە کاتی خەوتنت و گوێگرتنت لە کتێبی دەنگی مێشکی نائاگات شتەکان وەردەگرێت، بەڵام بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی بەردەوام زۆر باش نییە و زیانی هەیە؛ تۆ دەتوانیت لە کاتی پشوویەکدا کە تەنها چاو داخستنێکە و بەئاگایت، گوێ لە پۆدکاست یان کتێبە دەنگییە دڵخوازەکەی خۆت بگریت.

**بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندنەوە:**

توانینی خوێندنەوە بە شێوەیەکی دروست نەک تەنها دەتوانێت ئاستی نووسینت بەرزبکاتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی دەربڕینی وشەکانیشت لە کاتی قسەکردندا دروستدەکات. لە بابەتەکانی پێشتردا بە شێوەی جیا جیا باسی تەکنیکەکانی خوێندنەوەمان کردووە، بەڵام لەم بەشەدا بەتێروتەسەلی دەچینە نێو ئاستی خوێندنەوەوە، چۆن بتوانین لە ڕێی هەندێک تەکنیکی تایبەتەوە ئاستی خوێندنەوەمان بەرزبکەینەوە؟ لەبیرتان بێت، لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکانی زمانی ئینگلیزیدا ئاستی خوێندنەوەیش تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێت، بۆیە ئەوانەی کە بۆ تاقیکردنەوەکانی وەک ئایەڵس و تۆفڵ ئامادەکاریدەکەن، پێویستە گرنگی بەم لایەنە و لایەنەکانی تری زمانی ئینگلیزی بدەن. چەند تەکنیکێک لەوانە:

**١- دیاریکردنی ئاستی کتێبی خوێندنەوە.**

**٢- دیاریکردنی ژانری کتێبی خوێنراوە.**

**٣- دۆزینەوەی کاتێک بۆ خوێندنەوە.**

**٤- هەبوونی تیانووسێک لە نزیکت.**

**٥- خوێندنەوە لەگەڵ کتێبی دەنگی.**

**٦- خەیاڵکردن و خوێندنەوە.**

**٧- کارکردن لەگەڵ خێراخوێندنەوەدا.**

ئەمانە ٧ تەکنیکی بنچینەیی بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندنەوەی ئینگلیزین، پشتیوان بە خودا باسی تەواوی تەکنیکەکان دەکەم، بۆئەوەی لە لاتان ڕوون بێت و بتوانن لە ژیانی ڕۆژانەتاندا سوودیان لێ ببینن.

**تەکنیکی یەکەم: دیاریکردنی ئاستی کتێبی خوێندنەوە**

دیاریکردنی ئاستی کتێبی خوێندنەوە زۆر لەوە گرنگترە کە چی دەخوێنیتەوە! لەوانەیە بپرسیت کە بۆچی دیاریکردنی ئاست لەوە گرنگترە کە دەخوێنمەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە کاتێک تۆ کتێبێک دەخوێنیتەوە کە لە ئاستی تۆوە نزیک نییە یان لە ئاستی تۆدا نییە، وادەکات کە هەست بە نارێکییەک لە ئاستتدا بکەیت و بەمەیش لە خوێندنەوەی کتێبەکە بێتاقەتدەبیت و بە خوێندنەوەی ٥ لاپەڕە هەست بە شەکەتبوون دەکەیت، ئەوەیش هۆکاری ئەوە نییە کە ئارەزووی خوێندنەوەت نەبێت، بەڵکو هۆکاری ئەوەیە کە ئەو قورساییەی هەڵتگرتووە، لە توانای خۆتدا نییە. زۆر ئاساییە و دەتوانیت کتێبەکانی منداڵان بخوێنیتەوە کە لە ئاستی یەک و دووی

زمـانی ئینگلیزیـدان، چونکه له ئـاســـتەکەی تۆوە نزیکه و وادەکـات که له کـاتی خوێنـدنەوەیـدا چێژببینیـت، چونکه دەتوانیت له مەسەلەی بابەتەکه تێبگەیت.

**تەکنیکی دووەم: دیاریکردنی ژانری کتێبی خوێنراوە**

وەک چۆن دیاریکردنی ئاستی کتێبەکه گرنگە، بە هەمان شێوە دیـاریکردنی ژانرەکەیشـــی گرنگە. هەوڵبـدە کە ئەو بـابەتە دڵخوازەی تۆ ئارەزووتە، بیخوێنیەوە، وەک: وەرزشـی، سیاسـی، ئابووری، تەندروسـتی ... هتد. بەم شـێوەیە هەم شـارەزای ئەو بابەتە دەبیت کە دەیخوێنیتەوە و هەم ئاستی خوێندنەوەیشت بەرەوپێشدەچێت.

**تەکنیکی سێیەم: دۆینەوەی کاتێک بۆ خوێندنەوە**

شوێنێکی تایبەت یان کاتێکی تایبەت بۆ خوێندنەوەی بابەتی ئارەزوومەندت بۆ خۆت دابنە، بەبێ ئەوەی کەســـێک لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا بتبڕێت.

**تەکنیکی چوارەم: هەبوونی تیانووسێک لە نزیکت**

بوونی تیانووسێک(دەفتەرێکی تێبینی) لە نزیکت یارمەتیدەرت دەبێـت، بـۆئەوەی ئەو وشـــە نـوێیـانەی کە لە کـتـێبەکەدا

بەرچـاوتـدەکەون و دەیـانخوێنیتەوە، لە تیـانوســـەکەتـدا بیـانووســـیـت، بۆئەوەی بۆ مـاوەیەکی زیـاتر لە یـادگەدا بمینێتەوە و هەروەها دەتوانیت ئەو وشـــانەی تێدا هەڵبگریت کە لە کتێبەکەدا فێریانبوویت.

## تەکنیکی پێنجەم: خوێندنەوە لەگەڵ کتێبی دەنگی

بۆئەوەی بتوانیت ئاستێکی باش لە خوێندنەوە پەیدابکەیت و بتوانیت وشـەکان بە هەمان شێوازی دەربڕینی خۆیان بڵێیت، پێویستە لە کاتی خوێندنەوەی ئەو بابەتەی کە دەیخوێنیتەوە، بە کتێبی دەنگییش گوێی لێ بگریت وەک تەکنیکی خوێندنەوە و گوێگرتنی هەمانکاتی، بەڵام لەگەڵ ئەو تەکنیکەدا پێویســـتە بە دەنگێکی کەمێـک بەرز بخوێنیتەوە نەک بە شـــێوەزاری خۆمان بە فسکەفسک، چونکە ئەو کاتە تۆ دەتوانیت بە هەمان شێوە وشەکە دەرببڕیت، بێگومان هەمان تەکنیکی شادۆوینگی لەگەڵ بەکاردەهێنیت.

## تەکنیکی شەشەم: خەیاڵکردن و خوێندنەوە

کـاتێـک کتێبێـک بە زمـانی ئینگلیزی دەخوێنیتەوە، کەمێـک ئەســـتەمە کە نەتوانیت لە بیری خۆتـدا وەرینەگێڕیـت، بۆیە

کاتێک زانیت کە هزرت دەقەکە وەردەگێڕێت، هەوڵبدە کە خەیاڵ بۆ پێناسەکردن و واتای دەقەکە بە زمانی ئینگلیزی بەکاربهێنیت، دەتوانیت خوێنەری درێژەی بابەتەکە بیت لە بەشی یەکەم کە بەتەواوی باسی تەکنیکی خەیاڵکردنم بۆ وەستاندنی وەرگێڕان بۆ زمانی دایک لە ڕێی خەیاڵەوە کردووە.

**تەکنیکی حەوتەم: کارکردن لەگەڵ خێراخوێندنەوەدا**

کاتێک سەرەتا دەستپێدەکەیت، هەوڵبدە کە سەرەتا تەنها تەرکیزت لەسەر تێگەیشتنی بابەتەکە بێت، لەوەیە زۆربەمان بمانەوێت بەخێرایی بخوێنیەوە، بەهۆی هەر یەکێک لە هۆکارەکانەوە بێت، بەتایبەتی ئەگەر نموونە بە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکانی زمانی ئینگلیزی وەک تۆفڵ و ئایەڵس بدەین، کە لە بەشی خوێندنەوەدا کەمێک پێویستت بە خێراخوێندنەوە لە زمانی ئینگلیزیدا دەبێت، بۆئەوەی کاتی تەواوت هەبێت، بەڵام لە سەرەتای دەستپێکردندا پێویستناکات تەنها سەرقاڵی خێراکردنی خوێندنەوەکەت بیت، بەڵکو هەوڵبدە کە سەرەتا بەباشی تەرکیزت لەسەر تێگەیشتنی بابەتەکە بێت، پاشان لە شوێنکاتی گونجاو هەوڵبدە کە ئاستی خوێندنەوەیشت خێرابکەیت. خۆ ئەگەر

دەتەوێت کار لەسەر خێراکردنی خوێندنەوەیشت بکەیت، ئەوا ئەمانەی خوارەوە چەند تەکنیکێکن و دەتوانیت بەتایبەتی بۆ خێراکردنی خوێندنەوەت لە کاتی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکانی زمانی ئینگلیزیدا سوودیان لێ ببینیت:

**١- کاتبەخۆدان.**

**٢- بەکارهێنانی پەنجەت یان قەڵەمێک لە کاتی خوێندنەوەدا.**

**٣- دانانی ئامانجێک.**

**٤- تەرکیزنەکردن بەتەنها لەسەر وشەیەک.**

ئەم چوار تەکنیکە بەشێک لەو تەکنیکانەن کە بۆ زیاتر خێراکردنت لە کاتی خوێندنەوەدا بەکاردەهێنرێن، پشتیوان بە خودا بەکورتی و بەپوختی باسی هەر چوار تەکنیکەکە دەکەم، بۆئەوەی بتوانن بەکاریبهێنن و لە ژینی ڕۆژانەتاندا کاری پێ بکەن.

**تەکنیکی یەکەم: کاتبەخۆدان**

دەتوانیت چەند وشە لە خولەکێکدا بخوێنیتەوە؟ خوێندنەوە بە شێوەیەکی خاو وادەکات کە بە ماوەیەکی درەنگتر بتوانیت بابەتێک بخوێنیتەوە، ئەمەیش هۆکاری ئەوەیە کە تۆ توانای

خوێندنەوەی کەمترین وشەت لە خولەکێکدا هەیە، بۆ باشترکردنی خوێندنەوەکەت هەوڵبدە کە ئەو وشانە بژمێریت کە دەیانخوێنیتەوە و ڕۆژانە ڕاهێنانیان لەسەر بکەیت.

**تەکنیکی دووەم: بەکارهێنانی پەنجەت یاخود قەڵەمێک**

یەکێک لەو تەکنیکانەی کە بۆ زیاتر خێرابوون لە کاتی خوێندنەوەدا بەکاردەهێنرێت، ئەوەیە کە پەنجەت یاخود قەڵەمێک لە کاتی خوێندنەوەتدا بەکاربهێنیت، بەڵام لەوانەیشە وا هەستبکەیت کە تەنها کەسانی خاو لە خوێندنەوەدا قەڵەمێک یاخود پەنجەیەکیان بەکاردەهێنن، بەڵام نەخێر! بەکارهێنانی پەنجە یاخود قەڵەمێک یارمەتیدەرت دەبێت، بۆئەوەی بتوانیت بەخێرایی بخوێنیتەوە و، ئەگەر چاویشت لەگەڵ قەڵەمەکەدا یاخود پەنجەیەکت بجوڵێنیت، ئەوە لە زیاتر تەرکیزخستنەسەر بابەتەکە و خوێندنەوەی هاوکارت دەبێت.

**تەکنیکی سێیەم: دانانی ئامانجێک**

لەوانەیە ئامانجی تۆ خوێندنەوە بەخێرایی بێت، بەڵام خوێندنەوە بەخێرایی دەربارەی ئەوە نییە کە تۆ دەتوانیت لە

خولەکێکدا چەند وشـــە بخوێنیتەوە، دەربارەی ئەوەیە کە تۆ هەتـا چەنـد دەتوانیـت بەخێرایی بخوێنیتەوە و لە هەمـان کاتیشدا بتوانیت لە بابەتەکە تێبگەیت! ئەگەر تۆ لاپەڕەیەک لە مـاوەی خولەکێکـدا دەخوێنیتەوە، بەڵام وشـــەکـانـت دوای خوێنـدنەوە بیرنـایەتەوە، ئەوا تۆ تەنهـا فشـــارت لە خۆت بۆ خێراتەواوکردنی خوێندنەوەکە کردووە!

**تەکنیکی چوارەم: تەرکیزنەکردن بەتەنها لەسەر وشەیەک**

بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئێمە کاتێک دەخوێنینەوە، چاومان لە یەک کاتدا تەنها تەرکیزی لەسـەر چەند وشـەیەکی کەمە، وا لە چـاوەکـانـت بکە کە وشـــەی زیـاتر بخوێنێتەوە و تەنهـا جەختمەخەسەر تەنها وشەیەکی ڕستەیەک.

**بەرەوپێشبردنی ئاستی نووسین**

بێگومـان توانینی نووسـینی بـابەتێک یـاخود تەنهـا دەقێکی کورت شـــتێکی چێژبەخشـــی زمـانی دایکمانە، جـا ئەگەر بە زمـانی ئینگلیزی بێـت، ئەوا دەبێـت چۆن بێـت؟! لەم بـابەتەدا باســی تەواوی ئەو تەکنیکانە دەکەین کە لە بەرەوپێشـبردنی ئاستی نووسینی ئینگلیزیدا هەم لە کاتی نووسینی ئاسایی و هەمیش لە کـاتی نووســین لە تـاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکـانی

زمانی ئینگلیزیدا هاوکارت دەبن. ئەم خاڵانەی خوارە باشترین تەکنیکەکانی بەرەوپێشتربردنی ئاستی نووسینی ئینگلیزین:

**١- خوێندنەوەی زۆر.**

**٢- فێربوونی وشەی نوێ.**

**٣- نووسین و قسەکردنی هەمانکاتی.**

**٤- نووسینی کاری ڕۆژانە.**

**٥- پشکنینی هەڵەکانت.**

**٦- فێربوونی چۆنیەتیی ڕێکخستنی پەڕەگراف.**

**٧- بەکارهێنانی وشەنامەی ئینگلیزی.**

**تەکنیکی یەکەم: خوێندنەوەی زۆر**

وەک چۆن گوێگرتن بەتەواوی پەیوەندیی بە قسەکردنەوە هەیە، بە هەمان شێوەیش توانای نووسین پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە تۆ چەندێک دەخوێنیتەوە. ئەگەر دەپرسیت ئاستی نووسینم بە چییەوە پەیوەستە، ئەوا من وەڵامت بەوە دەدەمەوە کە ئاستی نووسینت بە چەندیەتیی خوێندنەوەتەوە بەندە! خوێندنەوەی زۆر لە فێربوونی ئەم شتانەی خوارەوەدا هاوکارت دەبێت:

**١- وشەی نوێ.**

**٢- ڕستەی نوێ.**

**٣- گرامەر.**

**٤- وەرگرتنی بیرۆکە.**

**٥- چۆنیەتیی پەیوەندیبەستن.**

بەڵێ، خوێندنەوەی زۆر زیاتر لەو پێنج شتەی کە من لەم کتێبەدا دیاریمکردوون، سوودت پێ دەگەیەنێت، بۆیە هەتا چەند بخوێنیتەوە، ئەوا زیاتر توانای نووسینت باشتردەبێت.

**تەکنیکی دووەم: فێربوونی وشەی نوێ**

دەرکەوتنی ئاستی نووسینت تەنها پەیوەندیی بە بوونی بەهرە و توانای نووسینی ئینگلیزییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەو وشانەوە هەیە کە لە کاتی نووسینی بابەتەکەتدا بەکاریاندەهێنیت، بۆیە فێربوونی وشەی نوێ بۆ دیاریکردنی ئاستبەرزیت نەک تەنها بۆ نووسینێکی ئاسایی یارمەتیدەرت دەبێت، بەڵکو بۆ تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکانی زمانی ئینگلیزییش یارمەتیدەرت دەبێت، وەک ئایەڵس و تۆفڵ کە نمرەیەکی باش لەسەر وشە بەکارهێنراوەکانت لە نووسیندایە.

## تەکنیکی سێیەم: نووسین و قسەکردنی هەمانکاتی

بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکە لە هەموو کاتێکدا گونجاو نییە، بەڵام دەتوانیت لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەوەت سوودی لێ ببینیت. زۆر گرنگە کە بتوانیت تۆ قسەبکەیت و بنووسیت، ئەم تەکنیکە لە تاقیکردنەوەی ئایەڵس بەتایبەتی لە بەشی گوێگرتن یارمەتیدەرت دەبێت، کە تۆ لە یەک کاتدا دەخوێنیتەوە و دەنووسیت و گوێدەگریت! بۆیە خۆت لەسەر ئەم ڕێگەیە ڕابهێنە.

## تەکنیکی چوارەم: نووسینی کاری ڕۆژانە

دەتوانیت کاری ڕۆژانەت وەک گەشتێک یان سەردانێک یان فێربوونی وشەیەک بنووسیت، کە ئەمەیش هاوکاری بەرەوپێشبردنی ئاستی نووسینی ئینگلیزیت دەبێت؛ هاوکات دەتوانیت ئەزموونی خۆت سەبارەت بە شتێک لە ژیاندا لەسەر تیانووسەکەت یان بلۆگەکەت بنووسیت، کە ئەمەیش هەم سوود بە خۆت و هەم بە خەڵکیش دەگەیەنێت.

## تەکنیکی پێنجەم: پشکنینی هەڵەکانت

کاتێک کە تۆ بە کۆتایی نووسینی بابەتێک یاخود کارەکانت دەگەیت، ئەوا لە کۆتاییدا پێیدا بچۆوە، بۆئەوەی بتوانیت هەڵەکانت ڕاستبکەیتەوە، بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزیدا

هەندێک هەڵەی ڕێزمانی لە نووسیندا بەدیدەکرێت، بۆیە دەتوانیت لە ڕێی کەسێک یاخود لە ڕێی ئەو ماڵپەڕانەی کە تایبەت بە پشکنینی هەڵەی ڕێزمانی لە نووسیندان، نووسینەکەت بپشکنیت و لە نەبوونی هیچ جۆرە هەڵەیەکی سپێلێنگ و ڕێزمانی دڵنیا بیت.

**تەکنیکی شەشەم : فێربوونی چۆنیەتیی ڕێکخستنی پەڕەگراف**

یەکێک لە ڕێگە بەسوودەکان بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی ئاستت ئەوەیە کە بزانیت پەڕەگرافەکەت ڕێکبخەیت و بزانیت چۆن و چیت کردووە، بەتایبەتی لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکانی زمانی ئینگلیزیدا زۆر گرنگە کە بزانیت چۆن پەڕەگراف لەسەر بابەتەکەت ڕێکبخەیت.

**تەکنیکی حەوتەم: بەکارهێنانی وشەنامەی ئینگلیزی**

یەکێک لەو ڕێگە هەڵانەی کە هەندێکمان لە سەرەتای دەستکردمان بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی یاخود ئێستایشی لەگەڵدا بێت، بەکاریدەهێنین و لێی بێئاگاین، ئەویش بەکارهێنانی وشەنامەی زمانی کوردییە، کاتێک واتای کوردیی وشەیەک نازانین! هەوڵبدە کە لەمەودوا وشەنامەکەت بۆ زمانی

ئینگلیزی بگۆڕیت، بۆئەوەی بتوانیت بە ئینگلیزی خۆت فێری واتای وشـەکە بکەیت و پێناسـەی وشـەکە بکەیت؛ بەم شـێوەیە کاریگەریی لەسـەر ئاسـتی زمانی ئینگلیزیت دەبێت و دەتوانیت سوود لەم ماڵپەڕ و ئەپڵیکەیشـنانە وەربگریت، بۆئەوەی لە کاتی تێنەگەیشتن لە واتای وشەیەک بەکاریانبهێنیت:

**١- وشەنامەی کامبریج(ماڵپەڕ، ئەپڵیکەیشن، ئای_ئۆ_ئێس، ئەندرۆید).**

**٢- وشەنامەی ئۆکسفۆرد(ماڵپەڕ، ئەپڵیکەیشن، ئای_ئۆ_ئێس، ئەندرۆید).**

**٣- وشەنامەی گوگڵ(ماڵپەڕ، ئەپڵیکەیشن، ئای_ئۆ_ئێس، ئەندرۆید).**

هەوڵبـدە کە ڕۆژانە ڕاهێنـان لەسـەر ئەم تەکنیکـانە بکەیـت، بۆئەوەی بتوانیت زۆر بەباشـی سـوودیان لێ ببینیت و لە کاتـی نووسین یاخود خوێندنەوەدا هیچ بەربەستێکت نەبێت.

**بەرەوپێشبردنی ئاستی قسەکردن:**

ئێمە لە بابەتەکانی پێشـتردا باسـی بەرەوپێشـبردنی هەر سـێ ئـاسـتی گوێگرتن و نووسـین و خوێنـدنەوەمـان بە هەموو تەکنیکەکـانیەوە کرد، لەم بـابەتەیـانـدا بـاسـی چۆنیەتیی بەرەوپێشـبردنی ئاسـتی قسـەکردنمان دەکەین، واتە چۆن بتوانین لە کاتی قسـەکردندا هەسـت بە ئارامییەک بکەین و

تێبگەین و بتوانین بە شـــێوەیەکی دروســـت وەڵامی کەســـی بەرانبەر بـدەینەوە، یـاخـود بۆ کەســـی بەرانبەر بـتـوانـیـن قســـەبکەین. ئەم تەکنیکـانەی خوارەوە بـاشـــترین تەکنیکی بەرەوپێشـبردنی ئاسـتی قسـەکردنی ئینگلیزین، هەرچەندە لە بەشـــی یەکەمدا بەکورتی بـاســـی بـاشـــترکردنی ئـاســـتی قســـەکردنی ئینگلیزیمان کردووە، بەڵام لە بەشـــی دووەمـدا بەتێروتەســـەلی دەچینە قوڵایی بابەتەکەوە. فەرموون، ئێوە و باشـترین تەکنیکەکانی بەرەوپێشـبردنی ئاسـتی قسـەکردنی ئینگلیزی:

**١- قسەکردن بە ئینگلیزی لە دەرەوەی پۆلیشدا.**

**٢- سەیرکردنی زیاتری فلیم و بەرنامە.**

**٣- بەشداریکردن لە یانەیەک یاخود ڕێکخراوێکدا.**

**٤- دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە گوێت لێی دەبێت.**

**٥- خوێندنەوە، خوێندنەوە و خوێندنەوە.**

**٦- فێربوونی ڕۆژانەی وشەی نوێ.**

**٧- فێربوونی واتای فرێز لە ڕێی چنگییەوە.**

**٨- بەرەوپێشبردنی دەربڕین.**

**٩- شادۆوینگکردن.**

١٠- قسەکردن لەگەڵ خۆت.

١١- گێڕانەوەی چیرۆک بە زمانی ئینگلیزی.

**تەکنیکی یەکەم: قسەکردن بە ئینگلیزی لە دەرەوەی پۆلیشدا**

مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکە چییە کە دەڵێت لە دەرەوەی پۆلیشدا بە زمانی ئینگلیزی قسەبکە؟! هەم، با نموونەیەک بهێنینەوە: تۆ بەشداریی خولێکی زمانی ئینگلیزیت کردووە و ڕۆژانە ماوەی دوو کاژێر وانەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە پۆلەکەتدا دەخوێنیت، بەڵام ئایا ئەوەندە بەسە؟! نەخێر، ئەوەندە بەس نییە، پێویستە ڕۆژانە ڕاهێنانی قسەکردن بکەیت و لە دەرەوەی پۆلەکەتدا بە زمانی ئینگلیزی قسەبکەیت، جا چ لەگەڵماڵەوەت یاخود لەگەڵ گروپێکی ئۆنلایندا بێت، یان لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆتدا بێت کە ئەویش خوازیاری قسەکردن بە زمانی ئینگلیزییە.

**تەکنیکی دووەم: سەیرکردنی زیاتری فلیم و بەرنامە**

بێگومان سەیرکردن و بینەربوونی بەرنامە و فلیمی زیاتر وادەکات کە ئینگلیزییەکەت لە ماوەیەکی کورتتردا بەرەوپێشببەیت، باوەڕدەکەیت کە من ڕۆژی وەها هەبووە کە

سـەیری سـێ فلیمم کردووە؟! شـتێکی چێژبەخشـە، چونکە تێیدا شـتێکی جیاواز، ئیدیەمێکی جیاواز و بیرۆکەی جیاواز لە ڕێی ئەو فلیمانەوە بە زمانی ئینگلیزی فێردەبیت، بەتایبەتی ئەو وشانەی کە بازاڕین یاخود نافەرمین و تەنها لە شوێنە گشتییەکان و نێو خێزانەکاندا بەکاردەهێنرێن.

**تەکنیکی سێیەم: بەشداریکردن لە یانەیەک یاخود ڕێکخراوێکدا**

بەشداریکردن لە یانەیەک یاخود ڕێکخراوێکی زمانی ئینگلیزی کاریگەرییەکی باش لەسـەر ئاسـتی زمانی ئینگلیزیت دروسـتدەکات، بەتایبەتی کاتێک هەمووان بە زمانی ئینگلیزی گفتوگۆبکەن و قسە لەسەر کتێبێک بکەن و ئەزموون و بیرۆکەی یەکتری بە زمانی ئینگلیزی ئاڵوگۆڕبکەن.

**تەکنیکی چوارەم: دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە گوێت لێی دەبێت**

بەڵێ، ئەمە لەوانەیە یەکێک لە تەکنیکە سەیرەکان بێت کە هەتا ئێستا بیستبێتت و لە لات نوێ بێت، بەڵام یەکێک لە باشترین ڕێگەکانە، بۆئەوەی بتوانیت هەمان شـێوازی دەربڕین و خوێندنەوەی ڕستەکانت هەبێت، دەتوانیت سوود لە تەکنیکی دووبارەکردنەوەی ئەوەی گوێت لێی دەبێت وەربگریت.

ئاساییە کە لە سەرەتادا لێیشی تێنەگەیشتیت، کات هاوکارت دەبێت لەوەی بتوانیت بە شێوەی چنگی لێی تێبگەیت.

**تەکنیکی پێنجەم: خوێندنەوە، خوێندنەوە و خوێندنەوە**

لەوەیە لە لات سەیر بێت کە بۆچی من ئەوەندە گرنگی بە خوێندنەوە دەدەم، لە کاتێکدا خوێندنەوە تەنها پەیوەندیی بە ئاستی نووسینەوە هەیە، خوێندنەوە پەیوەندیی بە ئاستی قسەکردنیشەوە هەیە، بەڵام ئایا دەزانیت ئەوەی کە خوێنەرێکی باش بێت، بێگومان قسەکەرێکی باشیش دەردەچێت. تۆ سەیری زمانی کوردیی خۆمان بکە، ئەگەر کەسێک بنچینەکانی شیعری نەخوێندبێت، چۆن دەتوانێت لە شیعر تێبگات و باسی شیعرت بۆ بکات؟! بێگومان لە زمانی ئینگلیزییشدا ئەمە بە هەمان شێوەیە، کاتێک توانیت لەسەر بابەتێک بۆ نموونە: کاریگەریی گەرمبوونی زەوی بخوێنیتەوە، ئەوا دەتوانیت بەتێروتەسەلی باسی کاریگەرییەکانی گەرمبوونی زەوی بکەیت.

**تەکنیکی شەشەم: فێربوونی ڕۆژانەی وشەی نوێ**

زۆر گرنگە کە بتوانین ڕۆژانە بە لایەنی کەمەوە وشەیەک یان دوو وشە فێرببین و لە کاتی قسەکردنی ڕۆژانەماندا بەکاریبهێنن، بە سوودوەرگرتن لەم تەکنیکە دەتوانیت لە

ماوەی یەک مانگدا سی وشە فێرببیت و بەکاریانبهێنیت. بەم شێوەیەیش بەهۆی بەهێزیی وشەکانتەوە ئاستبەرزیی قسەکردنی ئینگلیزیت لە لای کەسی بەرانبەر نیشاندەدات.

**تەکنیکی حەوتەم: فێربوونی واتای فرێز لە ڕێی چنگییەوە**

لەوەیە یەکەم جارت بێت کە فێربوون لە ڕێی چنگییەوە ببیستیت، مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە ئەوەیە کە بتوانیت ڕستەیەک بە یەک جار بەبێ وەرگێڕان فێرببیت، واتە فێربوونی دەستەواژەیەک بە شێوەی گروپ. با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە، بۆئەوەی زیاتر لە لاتان ڕوون بێت کە مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکە چییە:

*a cup of* tea.-

تۆ لێرەدا تەنها بە تێگەیشتنێک دەتوانیت تەواوی ڕستەکە فێرببیت وەک ئەو فرێزەی من بە نموونە لێرە هێناومەتەوە وەک پیاڵەیەک چا، تۆ دەزانیت 'Cup' واتە کوپ و 'Tea' واتە چا، بەم شێوەیەیش بە تێگەیشتنێکی کەمەوە دەتوانیت فێری تەواوی واتای ڕستەکە ببیت.

## تەکنیکی هەشتەم: بەرەوپێشبردنی دەربڕین

شـــێوازی دەربڕینی ئەو وشـــەیەی کە تۆ دەیڵێیت، لە کاتی قســـەکردندا هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەســـی بەرانبەر بەتایبەتی ئەگەر قســـەکەری ڕەســـەنی زمـانی ئینگلیزی بێـت و لە مەبەســـتەکەی تۆ تێبگات، ئەگینا بە بەکارهێنانی دەربڕینێکی هەڵە ناتوانیت مەبەسـتی خۆت بەتەواوی بە کەسـی بەرانبەر بگەیەنیت، بۆئەوەی بتەوێت ئاسـتی دەربڕینت باشـبکەیت و بتوانیت مەبەستەکەت بگەیەنیت بە کەسی بەرانبەر، ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکە:

**١- بەکارهێنانی تەکنیکی شادۆوینگ.**

**٢- بەکارهێنانی تەکنیکی دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە دەیبیستیت.**

## تەکنیکی نۆیەم: شادۆوینگکردن

بۆئەوەی بتوانیت ئاسـتێکی باشـت لە دەربڕینی وشـەیەک بە شـــێوەی خۆی هەبێت، ئەوا بە ڕێژەیەکی زۆر پێویســـتت بە بەکـارهێنـانی ئەم تەکنیکە دەبێـت، مەبەســـــت لە تەکنیکی شـادۆوینگ ئەوەیە کە وشـەیەک دووبارەبکەیتەوە و وەک خۆی

بۆئەوەی توانای دەربڕینت باشـتربێت و بتوانیت مەبەسـتت بگەیەنیت بە کەسی بەرانبەر.

**تەکنیکی دەیەم: قسەکردن لەگەڵ خۆت**

بێگومان ئەم تەکنیکە لەوەیە لە لای هەندێکتان شـێتانە بێت کە بڵێیت چۆن من قسـە لەگەڵ خۆمدا بکەم! خۆ شـێت نیم، نەخێر، دەزانم کە تۆ شـێت نیت، بەڵام توانسـتی قسـەکردن لەگەڵ خۆتدایە، یەکێکە لەو تەکنیکە نایابانەی کە سـوودێکی یەکجار زۆری بۆ بەرەوپێشـبردنی ئاسـتی زمانی ئینگلیزیت دەبێت. جا دەتوانیت ئەم خاڵانەی خوارەوە بەکاربهێنیت، لە کاتێکدا بیرۆکەی ئەوەت بۆ نەهات کە لەسەر چ بابەتێک لەگەڵ خۆتدا قسەبکەیت:

**١- وەرزشی: باسکە، مەلەوانی، باڵە، تۆپی پێ.**

**٢- ئابووری: دراوەکان، دابەزینی نرخی کاڵاکان.**

**٣- کەش: گەرمبوونی زەوی، وشکەساڵی، کەمئاوی.**

**٤- بەڵگەنامەیی: ژیانی ئاژەڵان، ژیانی لادێیی.**

**٥- ژیاننامە: ژیانی کەسە بەناوبانگەکان.**

دەتوانیت سـوود لەم بیرۆکانە وەربگریت، بۆئەوەی بتوانیت لەسەر هەر یەکێک لەو بابەتانە قسە لەگەڵ خۆتدا بکەیت.

**تەکنیکی یانزەیەم: گێڕانەوەی چیرۆک بە زمانی ئینگلیزی**

گێڕانەوەی چیرۆک بە زمانی ئینگلیزی ڕێگەیەکی باشە، بۆئەوەی بتوانیت لە ئاستی قسەکردندا پەرە بە ئاستی زمانی ئینگلیزیت بدەیت، گێڕانەوەی چیرۆک بۆ کۆمەڵە کەسێک یاخود نووسینی لە پەڕە تایبەتییەکەت بۆ وەگرتنی بیرۆکەی نووسین و چۆنیەتیی نووسینیش هاوکارت دەبێت. بەڵێ، ڕێک بەم شێوەیە دەتوانیت چیرۆکی دڵخوازی خۆت هەڵببژێریت و بۆ کەسانی تر یان تەنانەت بۆ خۆیشت بە زمانی ئینگلیزی بیگێڕیتەوە، لێرەدا من چەند چیرۆکێکتان وەک نموونە بۆ دادەنێم، بۆئەوەی بتوانن ڕۆژانە لە کاتی ڕاهێنانکردن لە زمانی ئینگلیزیدا و لە بەشی قسەکردن بەکاریبهێنن:

- **چیرۆکی کایۆ.**
- **چیرۆکی دۆڕا.**

ئەمانە دوو چیرۆکن کە بەشێوەی کتێبیش دەستدەکەون و دەتوانن بە شێوەی ئەلیکترۆنییش دەستیبخەن، ئەمانەی خوارەوەیش دوو چیرۆکی کورتن و دەتوانن سوودی لێ ببینن:

Kate looked around the room at the other people: ten men and ten women all around the same age.

'Thank you for coming today and offering your time to help with our research! Limeren, the medicine we're testing, is in the final stage of testing. Previous human trials have shown us that Limeren is completely safe ...

Kate stopped paying attention. She'd read the information the medical research company had sent her, so she knew that Limeren had already been approved for sale and that they were not testing to see if there were side effects.

**بەشـــی ســـێیەم : ئەو هەڵانەی لە کاتی بەرەوپێشـــبردنی ئینگلیزییەکەمان دەیکەین:**

**چەمکەکان**

- هەڵەکانی کاتی قسەکردن.

- هەڵەکانی کاتی نووسین.

- هەڵەکانی کاتی خوێندنەوە.

- هەڵەکانی کاتی گوێگرتن.

- هەڵە باوەکانی زمانی ئینگلیزی.

## پوختەی بەشی سێیەم

هەندێک هەڵە هەیە کە ئێمە لە کاتی پڕۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا جا لەهەر کام لە ئاستەکاندا بێت، دەیکەین و لێیشی بێئاگاین. ئەگەر نموونەیەک لەسەر هەڵەیەکی ئاستی قسەکردن بهێنینەوە، لەوانەیە هەڵەی گرامەری بێت، یان لەسەر ئاستی نووسین هەڵەی سپێڵینگ بێت، یان لە کاتی خوێندنەوەدا شێوازی هەڵەی دەربڕینی وشەکە بێت. پشتیوان بە خودای گەورە لەم بەشەیاندا باسی ئەو هەڵە باوانە دەکەم کە ئێمە لە کاتی کردندا لێی بێئاگاین و چارەسەرێکیان بۆ نادۆزینەوە، لە بەشی یەکەمدا باسی هەندێک هەڵەم کرد، وەک: وەرگێڕانی ڕستە یاخود ئەو ئیدیەم بۆ زمانی کوردی کە فێریدەبیت، یاخود ئەو وتەیەی کە دەیخوێنیتەوە و دڵخۆشی بەوەی کە توانیوتە بە کوردی لێی تێبگەیت، بەڵام نازانیت ئەوە تەنها چاڵێکەوە و بۆ خۆتت هەڵکەندووە. بۆئەوەی بتوانیت چیتر ئەو هەڵانە نەکەیت، یاخوود کەمیانبکەیتەوە، ئەوا بەتەواوی تەرکیزتبخەسەر ئەم بەشەیان، چونکە دڵنیام سوودی تەواوی لێ دەبینیت.

**هەڵەکانی کاتی قسەکردن**

زۆربەمان لە کاتی قسەکردندا هەڵەدەکەین، بەتایبەتی کاتێک ئێمە قسەکەری ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی نین و هەڵەکان بۆ ئێمە لە هەڵەی قسەکەرێکی ڕەسەنی ئینگلیزی دیارترن، لەم بابەتەدا هەندێک لەو هەڵە باوانە باسدەکەم کە لە زمانی ئینگلیزیدا قسەکەران دەیکەن و، دواتر پشتیوان بە خودا خاڵەکان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەو هەڵانە ڕووندەکەمەوە کە لە کاتی قسەکردندا دەیانکەین و لێیشیان بێئاگاین:

**١- هەڵەی ڕێزمانی.**

**٢- فەرمی و نافەرمی.**

**٣- بەکارهێنانی ڕستەی هەڵە.**

**٤- بەکارهێنانی هەندێک شتی سەرەتایی.**

**٥- بەکارهێنانی (سێی-تێڵ).**

ئەمانە پێنج خاڵی باون کە لە کاتی قسەکردن بە زمانی ئینگلیزیدا هەڵەیان تێدا دەکەین و، دەبێت لێیان ئاگادار بین و ئەگەر هەر نەتوانین بە شێوەیەکی تەواو بنەبڕیانبکەین، ئەوا دەبێت بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ئەو هەڵەیە بکەین، پشتیوان بە خودا لە بابەتەکانی داهاتوودا بەکورتی و بەپوختی باسی

هەر یەکێـک لەو خـاڵانە دەکەم، بۆئەوەی کردنـی ئەم جۆرە هەڵانە لە کاتی قسەکردنماندا بۆ کەسی بەرانبەر کەمبکەینەوە.

**هەڵەی ڕێزمانی**

یەکێک لەو هەڵە باوانەی کە فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی لە سـەرەتای دەسـتکردنیان بە فێربوون و قسـەکردن دەیکەن، بریتییە لە هەڵەی ڕێزمانی، هەندێک جاریش لە تێکەڵکردنی تافەکاندا، بۆ نموونە: قسەکردن سەبارەت بە ڕابردوو، داهاتوو یان ئێسـتا، هەندێک لە فێرخوازە خۆشەویستەکان ناتوانن جـیـاوازیـی نـێـوان تـافەکـان. خـۆم زۆر ئەو هەڵەیەم دووبارەدەکردەوە و لە پاشـاندا سـوپاس بۆ خودا توانیم بەسـەریدا زاڵببم، سـەیری هەڵەی ڕێزمانیی ئەم ڕسـتانەی خوارەوە بکە:

**Incorrect:** Myself I am Suresh babu.
**Correct:** I am Suresh babu.
**Incorrect:** I am having four brothers and three sisters.
**Correct:** I have four brothers and three sisters.
**Incorrect:** He do not have a laptop.
**Correct:** He does not have a laptop.
**Incorrect:** Does she has a car?
**Correct:** Does she have a car?

ئەم نمونانەی کە هێنامەوە، باوترین جۆری هەڵەی ڕێزمانین کە فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی دەیکەن؛ بۆیە پێویستە لە کردنی ئەم جۆرە هەڵانە ئاگاداربیت و دووبارەیاننەکەیتەوە، ئەگەر لە پێشوودا کردبێتت.

**هەڵەی فەرمی و نافەرمی**

وەک چۆن لە زمانی کوردیدا قسەیەک هەیە، دەڵێت کە دەبێت بزانیت لە چ کاتێکدا قسەدەکەیت و چۆن قسەیەک دەکەیت، ئەم هەڵەیەی کاتی قسەکردن ڕێک پڕ بە پێستی ئەم قسە شیرینەی کوردەوارییە، لە زمانی ئینگلیزیدا ئێمە سێ جۆر قسەکردنمان هەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن:

**١- فەرمی(ئەکادیمی):** ئەم جۆرەیان لە شوێنە فەرمییەکانی وەک زانکۆ و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێت.

**٢- نافەرمی:** ئەم جۆرەیان لە بازاڕ و هەندێک لە شوێنە گشتییەکاندا بەکاردەهێنرێت.

**٣- بازاڕی(فلیمەکان):** ئەم جۆرەیان بە شێوەیەکی گشتی لە فلیمەکان یان هاوڕێ زۆر نزیکەکان بەکاردەهێنرێت، کە بەکارهێنانی لە شوێنە فەرمییەکاندا گونجاو نییە.

ســـەیری ئەو نموونانەی خوارەوە لەســـەر هەر ســێ جۆری فەرمـی و نـافەرمـی و بـازاڕی بکە، بـۆئەوەی زیـاتـر لە لات ڕوونببێتەوە کە مەبەست لە چییە:

Formal: His smile was polite, but the eyes held a glint of humor.

Informal: So, you're saying that ...?

Slang(Movies): The term “lit”.

ئەمانەیش سێ نموونە لە شێوازەکانی قسەکردن بە شێوازی فەرمی یاخود نافەرمی بوون.

**بەکارهێنانی ڕستەی هەڵە:**

یەکێکی تر لەو هەڵە بـاوانەی کە کەســـی فێرخواز لە کـاتی قسەکردندا دەیکات، ئەوەیە کە ڕستەیەکی هەڵە بەکاردەهێنێت یاخود شـــێوازێکی هەڵە لە کاتی قســـەکردندا بەکاردەهێنێت، بێگومان ئەوەیش لەسەر نیشاندانی ئاستی زمانی ئینگلیزیت وەک ئاســـتێکی ســـەرەتایی و لاواز کاریگەرییدەبێت، ئەمانەی خوارەوە چەنـد نموونەیەکی بەکـارهێنـانی ڕســـتەی هەڵە لە زمـانی ئینگلیزیدان:

**Example Mistake:** I **will be** going to the dance party **yesterday**.

هەندێک جاریش هەڵە لە شێوازی وتنی وشـەیەکدا ڕوودەدات، ئەگەر نموونەیەک لە نێوان (لۆون-بۆرۆو) بهێنینەوە کە زۆربەی فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی ئەگەر لە ئاستێکی ناوەندا نەبن، هەڵەی تێدا دەکەن، وەک ئەو نموونەی خوارەوە:

Can you **borrow** me that book? You an **loan** me my notes.

هەنـدێک جـاریش لە بەکـارهێنـانی فرێزێکی بـازاڕی کە لەگەڵ کەســـە نزیکەکانت بەکاردەهێنیت، نموونەی ئەم کارمەند و بەڕێوبەرە:

**Example Mistake:** (At job interview) "Hey, what's up?

یەکێکی تریش لە هەڵە باوەکان بە هەڵەبەکارهێنانی (سـینس-فۆڕ) لە زمانی ئینگلیزیدا وەک ئەو نموونەیەی خوارەوە:

**Example Mistake:** (At job interview) "Hey, what's up?

**بەکارهێنانی هەندێک شتی سەرەتایی**

یەکێکی تر لە هەڵە باوەکانی قسەکردن ئەوەیە کە زۆر وشەیەک دووبارەبکەیتەوە، وەک (بەیسکڵی-لایک) کاتێک هاوواتایەکی باشتر هەیە کە بەکاریبهێنیت و بەم شێوەیە هەم وشەکە فێردەبیت و هەم ئینگلیزییەکەت بە شێوەیەکی پێشکەوتوو دەردەکەوێت، ئەم جۆرە هەڵەیە لەلایەن ئەو فێرخوازانەوە دەکرێت کە ئاستێکی سەرەتاییان لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە. سەیری ئەو نموونانەی خوارەوە بکەن، بۆئەوەی زیاتر لە لاتان ڕوون بێت:

‘Basically, it’s like I always like to travel.’

That’s *basically* a big no!

ئەم جۆرە هەڵەیە بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن هیندییەکانەوە لە کاتی قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی دەکرێت، بۆیە ئاگاداری زۆر دووبارەکردنەوەی ئەو وشانە بە کە سادەن، هەوڵبدە کە هاوواتایەکی باشتری بۆ بدۆزیتەوە، ئێستا ئەگەر هاوواتایەکی باشتر بۆ هەردوو وشەی (لایک-بەیسکڵی) بدۆزینەوە:

| هاووتای (بەیسکڵی) | هاوواتای (لایک) |
| --- | --- |
| Mostly | As |
| Chiefly | Same |
| Mainly | Such as |

هەوڵبدە کە فێری ئەو وشانە بیت کە هاوواتای وشە دووبارەکانن، وەک ئەو نموونانەی من لە ئەو خشتەیەی سەرەوەدا نووسیومن.

## بەکارهێنانی هەڵە لە نێوان (سێی-تێڵ)

یەکێک لە هەڵە هەرە باوەکان لە کاتی قسەکردندا نەزانینی بەکارهێنانی ئەو دوو وشەیە بە شێوازێکی هەڵە لەلایەن قسەپێکەری زمانی ئینگلیزییەوەیە، ئەم هەڵەیە هەندێک جار نەک تەنها لە کاتی قسەکردندا، بەڵکو تەنانەت لە کاتی نووسینیشدا ئەم جۆرە هەڵەیە دەکرێت. لەم خشتەیەی خوارەوەدا جیاوازیی ئەو دوو وشەیەتان نیشاندەدەم، بۆئەوەی بۆ جاری داهاتوو کێشەتان بۆ دروستنەبێت و بتوانن بە شێوەیەکی دروست هەم لەکاتی نووسین و هەمیش لە کاتی قسەکردندا بەکاریبهێنن:

| تێڵ | سێی | نمونە |
|---|---|---|
| Tell | Say | **She wanted him to say that he loved her** |
| Someone | Something | |
| Something | Someone | **They will honestly tell her what happened** |

ئەمەیش جیاوازیی نێوان ئەو دوو وشەیەیە کە زۆر بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزی هەڵەی تێدا دەکەن، ئەوەندە بزانە:

**تێڵ:** بە کەسێک شتێک دەڵێیت، نموونە بە کوردی: ئەحمەد بە دارای وت کە چۆنیت.

**سێی:** شتێک بەکەسێک دەڵێیت، نموونە بە کوردی: ئەو ویستی بە کچەکە بڵێت، تۆ زۆر جوانیت.

تکایە، ئاگاداربە! بەباشــی ڕاهێنان لەســەر جیاوازیی ئەو دوو وشــەیە بکە، بۆئەوەی هەم لە کاتی نووســین و هەم لە کاتی قسەکردندا هەڵەنەکەیت.

**هەڵەکانی کاتی نووسین:**

بێگومان بە هەمان شــێوە هەندێک هەڵەی باوی نووســینی ئینگلیزی هەیە، کە لە لای خوێنەر لەوەیە ئینگلیزییەکی باش دەرنەکەوێت، بۆیە لێرەدا باســی چەند هەڵەیەک دەکەم کە لە کاتی نووسینی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێن:

**١- هەڵەی ڕێزمانی.**

**٢- هەڵەی سپێڵینگ.**

**٣- هەڵەی بوونی بۆشایی.**

**٤- هەڵەی بوون و نەبوونی کۆما.**

**٥- هەڵەی دووبارەبوونەوەی هەمان وشە.**

**٦- هەڵەی گەورە و بچووکیی پیتەکان.**

ئەمانە باوترین ئەو هەڵانەن کە لە کاتی نوســیندا لەلایەن نوســەرەوە دەکرێن و پێویســتە لێی ئاگادار بێت و ئەو جۆرە

هەڵانە نەکات، بەتایبەتی کاتێک لە تاقیکردنەوەیەکی نێودەوڵەتیی وەک تۆفڵ و ئایەڵسدا بێت، کە لە بەشی نووسیندا پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەیت کە ئەو هەڵانە نەکەیت، چونکە کاریگەریی لەسەر نمرەکەت دروستدەکات. لە بابەتی داهاتوودا بەتێروتەسەلی بە نموونەوە باسی هەڵەکان و چۆنیەتیی دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکانیش لە بەشی نووسیندا دەکەم.

**هەڵەی ڕێزمانی:**

هەروەک چۆن لە کاتی قسەکردندا هەڵەی ڕێزمانی بەدیدەکرێت، بە هەمان شێوەیش لە کاتی نووسینیشدا هەمان هەڵە لەلایەن نووسەرەوە بەدیدەکرێت، جا لەوەیە هەڵەکە لەوەدا بێت کە بابەتەکە باسی ڕابردوو بکات و تۆ باسی ئێستا بکەیت، یان باسی داهاتوو بکات و تۆ بە ڕابردوو دایبڕێژیتەوە. هەڵەی ڕێزمانی بەتایبەتی لە تاقیکردنەوەکانی ئینگلیزیدا بەشێک لە نمرەکەت دادەبەزێنێت، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکی هەڵەی ڕێزمانیی نووسینن:

**Example 1:**

*Incorrect:* An important part of my life <u>have</u> been the people who stood by me.

*Correct:* An important part of my life <u>has</u> been the people who stood by me.

**Example 2:**

*Incorrect:* The two best things about the party <u>was</u> the food and the music.

*Correct:* The two best things about the party <u>were</u> the food and the music.

ئەمانەیش دوو نموونەی هەڵەی ڕێزمانیی نووسین بوون.

**هەڵەی سپێڵینگ:**

یەکێکی تر لە هەڵەکانی نووسین کە کاریگەریی لەسەر ئاستی ئینگلیزییەکەت و نمرەی تاقیکردنەوەکەت دروستدەکات، هەڵەی سپێڵینگە، مەبەست لە هەڵەی سپێڵینگ چییە؟ مەبەست لە هەڵەی سپێڵینگ ئەوەیە کە دوو پیتی کاپیتەڵ بەدواییەکدا بێت یان سەرەتای ناوەکە بە سمۆڵ بنووسیت. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن:

*- Vladmir Putin is the controversial leader of Russia.*

*- Every where she walked, she was reminded of him.*

ئەمە دوو نموونەی هەڵەی ســـپێڵینـگ بوون کە دەکرێن، هەندێک جار هەڵەکە تەنها لە ســپەیســێکدا هەیە! هەندێک جار لەوەی کە وشـــەیەک پیتی 'دەبڵ' هەیە و تۆ یەک دانە دەنووســـیت، ئەوەیش هەر بەهەڵەی ســـپێڵینـگ لەلایەن کەسـی خوێنەر و ئەو کەسـەوە کە تاقیکردنەوەی نووسـینی ئینگلیزیت دەکات، دادەنرێت؛ بۆیە پێویســـتە ئـاگاداری چۆنیەتیی نووسـینی ئەو وشـەیە یاخود ئەو بابەتە بیت کە دەینووســـیت، بۆئەوەی دووچـاری هەڵەی ســـپێڵینـگ نەبیتەوە.

## هەڵەی بوونی بۆشایی:

بوونی بۆشاییەکی زۆر لە نێوەندی نووسینەکەتدا کاریگەریی لەسەر نووسینەکەت و هەروەها نمرەکەیشت دروستدەکات، پێویستە ناوەندی نووسینەکانت بە شێوەیەکی مامناوەندی بێت، نە زۆر بێت و نە زۆریش کەم بێت.

## هەڵەی بوون و نەبوونی کۆما

شارەزایانی نووسینی دارِشتن دەزانن کە بوونی کۆما لە نووسیندا چەندێک گرنگە، بەڵام هەندێک فێرخواز لە دانان و دانەنانی کۆمادا لە نووسینی ئینگلیزیدا هەڵەدەکەن. هەندێک جار هەڵەکە لە دانانی کۆمادا لە شوێنی ناپێویستە و هەندێک جاریش دانەنانی لە شوێنی پێویستە، با سەیرێکی ئەم دوو نموونەیە بکەین، بۆئەوەی زیاتر لە لاتان ڕوون بێت:

- **نموونەی کۆمای ناپێویست:**

*Many children, of working parents, walk home from school by themselves.*

- **نمونەی کۆمای پێویست:**

*David who loved to read history was the first to head to the British Library.*

- نمونەی لەبیرچوونی کۆما لە شوێنی پێویست:

*Determined to make their flight on time they rose at dawn.*

**هەڵەی دووبارەبوونەوەی هەمان وشە:**

یەکێکی تر لە هەڵە باوەکانی نووسینی ئینگلیزی ئەوەیە کە هەمان وشە زۆر دووبارەیبکەیتەوە بە هەمان شێوەی (بەیسکڵی-لایک)، دووبارەکردنەوەی وشەکان کاریگەریی لەسەر نمرەی تاقیکردنەوەکەت دروستدەکات، بۆیە خۆت لە زۆر دووبارەکردنەوەی وشەیەک لە نووسینەکەتدا بەدووربگرە، ئەمانە خوارەوە دیارترین ئەو وشانەن کە زۆر لە نووسینەکاندا دووبارەدەبنەوە:

| | |
|---|---|
| 1- Other | 5- Important |
| 2- More | 6- Many |
| 3- New | 7- Best |
| 4- Great | 8- Good |

ئەمانە لوتکەی ئەو وشانەیان گرتووە کە زۆرترین بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەیان لەلایەن نووســـەران و فێرخوازانی زمانی ئـیـنـگـلـیـزیـیەوە هەیە، بەڵام ئەم هەڵە دووبـارەکـردنەوەیە کاریگەریی لەســـەر نمرەی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانیشـــت دروستدەکات.

## هەڵەی گەورە و بچووکیی پیتەکان

یەکێکی تر لە هەڵە بـاوەکـانی نووســـین کە دەیکەین، جـا نووســـینێکی ئاســـایی خۆت بێت، یاخود تاقیکردنەوەیەکی نێودەوڵەتیی زمانی ئینگلیزی بێت، هەڵەی پیتەکانە؛ ئەویش نووسینی دوو ناو کە هەردووکی یەکلەدوای یەک کەپیتەڵ بێت، نموونە وەک :

- Will Smith

هەڵەیەکی تر ئەوەیە کە ســـەرەتای دەســـتپێکردنی وشـــەکە سمۆڵە و دواتر دەیکەن بە کەپیتەڵ، نموونە وەک:

- sorry Dear

هەڵەیەکی تر بوونی پیتی گەورەی نـاپێویســـتە، کە لەلایەن فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی و هەندێک جار لە کاتی نووسینی

تاسکەکانی بەشی نووسینی ئایەڵس یان تۆفڵیشدا دەنووسرێت. بۆ نموونە:

> *Financial Aid is a pressing concern for many University Students.*

تۆ ئەگەر تاقیکردنەوەی تۆفڵ یان ئایەڵس دەکەیت، با تەواوی نووسینەکەت کەپیتەڵ بێت.

**هەڵەکانی کاتی خوێندنەوە:**

لە کاتی خوێندنەوەیشدا ئێمە هەندێک هەڵە دەکەین کە لەوانەیە لێی بێئاگا بین و بەسەریدا ڕۆیشتبێتین، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا باسی ئەو هەڵە باوانە دەکەم کە لە کاتی خوێندنەوەدا دەکرێن و پێویستە لەسەرت کە لێیان ئاگادار بیت:

**١- شڵەژان لە کاتی خوێندنەوەی وشەیەک.**

**٢- پێشبینیکردنی وشەکان.**

**٣- دەرخکردنی خوێندنەوە.**

**٤- وا دابنێیت کە تێگەیشتوویت.**

**٥- دیاریکردن، دیاریکردن و دیاریکردن.**

**٦- نەخوێندنەوە بە دەنگی بەرز.**

ئەم شـــەش خاڵە باوترین هەڵەی خوێندنەوەی ئینگلیزین کە لەلایەن منداڵانەوە دەکرێت، هەنـدێک لە گەورەکـانیش دەیکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە تازە دەسـتیان بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی کردووە و دەیانەوێت ئاستی خوێندنەوەیان باشبکەن. وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەم پێی دا، ئەو کتێبە بخوێنەوە کە لە ئاســـتی خۆتەوە نزیکە، نەک کتێبێک دوو قۆناغ لە سەرووی خۆتەوەیە.

**هەڵەی یەکەم: شڵەژان لە کاتی خوێندنەوەی وشەیەک**

ئەم جۆرە هەڵەیە زیاتر لە منداڵاندا هەیە، کاتێک سـەرەتای زمانی ئینگلیزییانە و دەســتیان بە خوێندنەوەی ئینگلیزی کردووە، بەتایبەتی پیتەکانی:

**١- بی**

**٢- دی**

**٣- پی**

کە ئەو ســێ پیتە لە ڕووی شــێوەوە کەمێک لە یەکترییەوە نزیکن و منـداڵان کـاتێـک یەکەم جـاریـانە دەســـت بە خوێنـدنەوە دەکەن، ئەوا لە جیاکردنەوەی ئەو ســێ پیتە دەشڵەژێن.

**هەڵەی دووەم: پێشبینیکردنی وشەکان:**

ئەم جۆرە هەڵەیە زیاتر لە منداڵاندا بەدیدەکرێت، کاتێک سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنەوەی ئینگلیزییانە، ئەوان کاتێک وشەیەکی نوێ دەبینین ئەوا بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆیان لێکیدەدەنەوە و دەریدەبڕن، هەندێک جاریش منداڵان بەشێکی وشەکە دەناسنەوە، پاشان لە مێشکی خۆیاندا لێکیدەدەنەوە. ئەگەر ئەو وشەیەی ئاماژەم پێی داوە، بە نموونە وەربگرین، ئەوا منداڵان لەوانەیە بەو شێوەیە لە مێشکی خۆیاندا لێکیبدەنەوە:

*Word: "hound"*

Child substitute like: *"hundred"*

**هەڵەی سێیەم: دەرخکردنی خوێندنەوە**

یەکێک لەو هەڵانەی لە خوێندنەوەدا دەکرێت، ئەوەیە کە ئێمە هەوڵدەدەین دەرخیانبکەین، ئەمەیش وا دەکات کە وشەکان یان فرێزەکان بۆ ماوەیەکی کەمتر لە مێشکماندا بمێننەوە و پاشان لەبیرماندەچێتەوە کە چی فێربووین لەو کتێبەی کە خوێندوومانەتەوە.

**هەڵەی چوارەم: وا دابنێیت کە تێگەیشتوویت**

جۆرێکی تر لەو هەڵانەی کە لەلایەن فێرخوازانی زمانی ئینگلیزییەوە دەکرێت، ئەوەیە کە وایدابنێیت کە لە بابەتەکە تێگەیشتوویت، بەبێ ئەوەی لە ڕاستیدا لە بابەتەکە تێگەیشتبێتیت. هاوکات ئەم جۆرە هەڵەیە لەگەڵ هەڵەی جۆری سێهەمدا یەکدەگرێتەوە.

**هەڵەی پێنجەم: دیاریکردن، دیاریکردن و دیاریکردن**

زۆر گرنگە کە بزانیت چ بابەتێک بۆ خوێندنەوە دیاریبکەیت، هاوکات کاتێک ئەو بابەتەی کە دەیخوێنیەوە، لە ئاستی زمانی ئینگلیزیی تۆوە نزیک بێت؛ بەم شێوەیە زیاتر سوودمەندی خوێندنەوەکە دەبیت و هەروەها چێژیش لە خوێندنەوەی زیاتر دەبینیت.

**هەڵەی شەشەم: نەخوێندنەوە بە دەنگی بەرز**

نەخوێندنەوە بە دەنگی بەرز لە کاتی خوێندنەوەدا جۆرێک لە هەڵە باوەکانە کە لەلایەن فێرخوازانی زمانی ئینگلیزییەوە دەکرێت، نەخوێندنەوە بە دەنگی بەرز کاریگەریی لەسەر جۆری دەربڕینی وشەکان دەبێت و، خوێندنەوە بە دەنگی بەرز وا دەکات کە مێشکت زیاتر بابەتەکە وەربگرێت و هاوکات

لەگەڵ بەکارهێنانی کتێبی دەنگیدا سوودێکی زیاتری دەبێت، بۆئەوەی بەتەواوی بتوانیت بە هەمان شێوە وشە و فرێز و ڕستەکان دەرببڕیت.

**هەڵەکانی کاتی گوێگرتن:**

زۆرێک دەڵێن کە ئێمە گوێ لە پۆدکاست دەگرین، بەڵام ناتوانین بە ئینگلیزییەکی باش و دەربڕینێکی باش قسەبکەین، بێگومان هەندێک هەڵە لە کاتی گوێگرتندا هەیە و دەبێت لە کردنیان ئاگادار بین، بۆئەوەی بتوانیت زۆرترین سوود لە گوێگرتنی پۆدکاستەکەت وەربگریت. ئەمانەی خوارەوە چەند هەڵەیەکن کە لە کاتی گوێگرتن لە پۆدکاستدا لەلایەن فێرخوازانەوە دەکرێن:

**١- لەدەستدانی تەرکیز .**

**٢- سەیرکردن و گوێگرتنی هەمانکاتی.**

**٣- نەناسینەوەی وشە باوەکان.**

**٤- چێژنەبینین لە گوێگرتن.**

**٥- وەرگێڕان لە مێشکی خۆتدا.**

**هەڵەی یەکەم: لەدەستدانی تەرکیز**

لەدەستدانی تەرکیز نەک هەر لە کاتی گوێگرتن، بەڵکو لە کاتی قسەکردن و خوێندنەوەیشدا زیانی هەیە، یەکێک لەو هەڵانەی کە لە ڕاهێنانی گوێگرتندا دەکرێت، نەمانی تەرکیزە. ئەم هەڵەیە زیانێکی زۆر بە نمرەکەت لە تاقیکردنەوەی ئایەڵس دەگەیەنێت، چونکە ئەگەر لە یەک پرسیار تەرکیزت نەمێنێت، ئەوا پرسیارەکانی تریشت لەدەستدەچێت، بۆیە هەوڵبدە کە تەرکیزی گوێگرتننت باشبکەیت.

**هەڵەی دووەم: سەیرکردن و گوێگرتنی هەمانکاتی**

یەکێک دەپرسێت، باشە خۆ من ڕاهێنانی گوێگرتن دەکەم و لە هەمان کاتیشدا گوێدەگرم، بەڵام سودێکی زۆرم لێی نەبینیوە؟! بێگومان سوودێکی زۆری لێ نابینیت، چونکە گوێگرتن و سەیرکردن لە یەک کاتدا یەکێک لە هەڵەکانی گوێگرتن لە زمانی ئینگلیزیدایە، باشتر وایە کە ئەو پۆدکاستەی گوێی لێ دەگریت، بە شێوەی فایلی دەنگی نەک ڤیدیۆیی بێت.

**هەڵەی سێیەم: نەناسینەوەی وشە باوەکان**

هەرگیز هەبووە کە گوێت لە وشەیەک بووبێت بە هەمان شێوازی دەربڕین، بەڵام وەڵامەکەی جیاوازبێت؟! ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، ئەوا تۆ یەکێک لەوانەیت کە لە ناسینەوەی

وشـــه باوەکان هەڵەدەکەیت، هەندێک وشـــه هەیە کە ئاســـتی دەربڕینیـان بەتـایبەتی لە کـاتی قسـەکردنـدا پێیـان لەلایەن ئینگلیزی ڕەسەنەوە زۆر لە یەکترییەوە نزیکە. بۆ نموونە:

- **دێزێرت، دیزێرت**

**هەڵەی چوارەم: چێژنەبینین لە گوێگرتن**

چێژبینین لەوەی کە لە هەر بوارێکی ژیندا دەیکەیت، وا دەکات کە تێیدا ســەرکەوتوو بیت و داهێنانی تێدا بکەیت، بەڵام ئەی ئەگەر نەتوانیت چێژی لێ ببینیت؟! ئەوە ئەو ڕیســەی چەند مانگێکە خەریکیت، لێت دەبێتەوە بە خوری! ئاگاداری ئەوە بە کە گوێ لە چی دەگریـت، بزانە ئـایـا ئەو بـابەتەی گوێی لێ دەگریت، چێژت پێ دەبەخشـێت یان ن، هەمیشـە هەوڵبدە کە ئەو بـابەتە بێت کە ئارەزووت لێیە. بەم شـــێوەیە زیاتر تێیدا بەرەوپێشـــدەچیت، دەکرێت ئارەزووەکانی تۆ ئەم بـابەتـانەی خوارەوە بن:

**١- بابەتی وەرزش: باسکە، مەلەوانی، تۆپی پێ، تێنس.**

**٢- بابەتی ئابووری: دراوەکان، نرخی نەوت، دابەزینی نرخ.**

**٣- بابەتی مێژویی: مەغۆلەکان، هیندییە سوورەکان، کورد.**

**هەڵەی پێنجەم: وەرگێڕان لە مێشکی خۆتدا**

کاتێک گوێ لە گۆرانییەک دەگریت یاخود وتەیەک بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنیتەوە، با بڵێین سەیری فلیمێک دەکەیت کە بەبێ بوونی ژێرنووسی زمانی کوردییە و تەنها ژێرنووسی زمانی ئینگلیزیی هەیە، لە کاتی سەیرکردنی فلیمەکەدا کاتێک دەقێکی ئینگلیزی دەبینیت، نووسراوە: "ببورە، من ئەمڕۆ کارم هەیە"، ئەوا ڕاستەوخۆ تۆ لە بیری خۆتدا بە خۆت دەڵێیت کە ئەمە دەڵێت: "ببورە، ئەمڕۆ کارم هەیە"، لەوەیە دڵخۆشیش بیت، چونکە توانای ئەوەت هەیە کە لێی تێبگەیت، یاخود بتوانیت بیکەیتەوە بە زمانی کوردی، بەڵام نازانیت کە ئەمە تەنها چاڵێکە و بۆ خۆتی هەڵدەکەنیت.

## هەڵە باوەکانی زمانی ئینگلیزی

هەندێکمان لە کاتی قسەکردنی ئینگلیزیدا بێئاگاین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە قسەکردن بەردەوامین، ڕاستە کە بەردەوامیی قسەکردن لە کاتی هەبوونی هەندێک هەڵەیشدا گرنگە، جا ئەگەر هەڵەکان لەم جۆرانەی خوارەوە بن:

- **هەڵەی دەربڕین**
- **هەڵەی دروستکردنی شێوەزار**
- **هەڵەی ڕێزمانی**
- **هەڵەی وشەنامەکان**

ئەم چــوار هەڵەیە بــاوتــریــن جــۆری هەڵەن کە لەلایەن فێرخوازانی زمانی ئینگلیزییەوە دەکرێن.

**هەڵەی دەربڕین:**

هەڵەی دەربڕینی وشـــەیەک بە شـــێوەیەکی تر وا دەکات کە مەبەســـتەکەت بە کەســـی بەرانبەر نەگات، لە کاتێکدا کەســـی بەرانبەر قسەکەری ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی بێت. بۆ نموونە: پۆپولەر کە هەڵەیە، لە ڕاستیدا پۆپیولەرە.

**هەڵەی دروستکردنی شێوەزار:**

هەر کەســـێک شـــێوەزارێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە کاتی گفتوگۆکردن بە زمانی ئینگلیزی دەریدەبڕێت، لەوەیە هیی هەندێکمان لە هیی هەندێکی ترمان باشـــتر بێت و بە پێچەوانەیشـــەوە ڕاســـتە؛ بەڵام تکایە، کاتێک تۆ شـــێوەزاری خۆت هەیە، پێویســـتناکات شـــێوەزارێکی تر بۆ خۆت دروســـتبکەیت، بۆئەوەی گۆڕانکاری لە کاتی قســـەکردنتدا دەربکەوێت و لە لای خەڵکی و لە لای کەســـی بەرانبەر وا دیاربێت کە شـێوەزارێکی ناوازەت هەیە، زمان بۆ تێگەیشـتن و گفتوگۆ بەکاردەهێنرێت نەک بۆئەوەی خەڵک بڵێت ئۆو، واو ســـەیری ئەو شـێوازە بکە کە قســـەی پێ دەکات. ئەزیزی من، ئەســـڵەن لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکانی زمانی ئینگلیزیدا

شـــێوەزار گرنگ نییە(ئەکســـێنت)، بەڵکو شـــێوازی دەربڕینی وشەکەت گرنگە و نمرەی لەسەرە، هەر وەک زانیارییەکی گشتی لە ٪٢٥ نمرەی قســـەکردن لە تـاقیکردنەوەی ئـایەڵســـــدا بە شێوازی دەربڕینی وشەکەت نەک شێوەزارەکەتەوە پەیوەستە، ئەو گوێ بەوە نادات کە بە چ شێوەزارێک قسەدەکەیت، گرنگی بەوە دەدات کە چ مەبەستێکت هەیە و دەتەوێت چی بۆ کەسی بەرانبەر بگەیەنیت؛ بۆیە تکایە، لە کاتی قســـەکردندا خۆت بە، ئەگەر لە شـــێوەزاری خۆت لە کاتی قســـەکردندا ناڕازیت، ئەوا دەتوانیت هەوڵبدەیت کە لە ڕێی ئەم تەکنیکانەی خوارەوەوە باشتریبکەیت:

1- Learn the Phonetic Alphabet ... .
2- Get Familiar with The Spoken Language ... .
3- Identify What's 'Weird' About the Pronunciation ... .
4- Listen, Listen, Listen ... !
5- Practice Makes Perfect.

ئەم ٥ تەکنیکە بـاشـــترین تەکنیکەکـانی بەرەوپێشـــبردنی شێوازەکەت لە ئاستێکی خراپەوە بۆ ئاستێکی باشن، هەوڵبدە کە ڕۆژانە ١٥ خـولەک یـان ١٠ خـولەک بـۆ ئەم تەکـنـیـکـانە

تەرخانبکەیت، بۆئەوەی ئاستی شێوازی قسەکردنت بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزببێتەوە.

**هەڵەی ڕێزمانی:**

کەممان هەیە کە بتوانێت لە کاتی قسەکردندا کەمترین هەڵەی ڕێزمانی بکات، بەڵام هەبوونی هەڵەی ڕێزمانی واتای ئەوە نییە کە تۆ ئاستت لاوازە، بەڵکو واتای ئەوەیە کە تۆ لە ئاستی ڕێزمانیدا پێویستت بە کەمێک ڕاهێنانی زیاترە و پێویستە کاتی زیاتری بۆ تەرخانبکەیت. بەپێی ئەو ئەزموونەی کە من لە زمانی ئینگلیزیدا هەمە، کاتێک تۆ دەزانیت کە لە ڕێزماندا خراپیت، تکایە، واز لە بابەتەکانی ئیدیەم و وشە بهێنە هەتا دەتوانیت هەڵە زەقەکانی ڕێزمانی نەکەیت. ئەم لیستەی خوارەوە باوترین یازدە جۆری هەڵەی ڕێزمانیت بە نموونەوە نیشاندەدات:

**1 -apostrophes**

**Wrong:** We need to get our *sale's* numbers up.

**Right:** We need to get our *sales* numbers up.

2- everyday/every day

**Wrong:** He starts work *everyday* at 8 a.m.

**Right:** He starts work *every day* at 8 a.m.

3- I/me

**Wrong:** The marketing manager told Riley and *I* to talk with her.

**Right:** The marketing manager told Riley and *me* to talk with her.

**هەڵەی وشەنامەکان:**

دەبێت مەبەســت لە هەڵەی وشــەنامەکان چی بێت؟! هەڵەی وشــەنامەکان ئەوەیە کە لە بەکارهێنانی وشــەنامەی کوردی بۆ وەرگێڕانی ئەو وشـــانە بوەســـتیت کە واتـاکەیـان بە زمـانی

ئینگلیزی لە لات ڕوون نین، لەبریی ئەوە هەوڵبدە کە وشەنامە ئینگلیزییە جیهانییەکان بەکاربهێنیت کە هەم ئاستی زمانی ئینگلیزیت پێی بەرزدەبێتەوە و هەمیش لە خۆفێرکردن بە زمانی ئینگلیزی نەک بە زمانی کوردی ڕادێییت! ئەم سێ وشەنامەیەی خوارەوە باشترین وشەنامەکانی جیهانن و دەتوانیت سوودیان لێ ببینیت:

**١- وشەنامەی کامبریج**

(ماڵپەڕ، ئەپڵیکەیشن، ئای_ئۆ_ئێس، ئەندرۆید).

**٢- وشەنامەی ئۆکسفۆرد**

(ماڵپەڕ، ئەپڵیکەیشن، ئای_ئۆ_ئێس، ئەندرۆید).

**٣- وشەنامەی گوگڵ**

(ماڵپەڕ، ئەپڵیکەیشن، ئای_ئۆ_ئێس، ئەندرۆید).

ئەمانەی خوارەوەیش لە ناوازەترین وشەنامەکانن:

**The best dictionary apps for Android**
Advanced English Dictionary.
Dict.cc.
Dict Box Offline Dictionary.
Dictionary by The Free Dictionary.
Dictionary.com.

## کۆتایی:

سوپاستاندەکەم بۆ ئەوەی کە خوێنەری یەکەم کتێبی من بوون، سوپاس کە کاتی خۆتان بە من بەخشی. داوای لێبوردن لە هەر هەڵەیەک دەکەم کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا کردبێتم، هیچ کەسێک بێهەڵە نییە، بەتایبەتی کاتێک لە یەکەم ئەزموونی نووسینی کتێبێکدا بیت. سوپاسی خودای گەورە دەکەم کە ئەم زانیاری و توانایەی بە من بەخشیوە و منیش هەوڵدەدەم کە بە باشترین شێوە بەکاریبهێنم، شانازی بە خۆمەوە دەکەم کە توانیم کتێبێک بۆ کتێبخانەی کوردی زیادبکەم. دەمەوێت سوپاسی مامۆستا و هاوڕێ و هاوکاری زۆر خۆشەویستم، مامۆستا کارمەند حاجی و مامۆستا هەڤاڵ عەلیی خۆشەویست بکەم کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا هاوکارم بوو. هەتا بابەتێک و کتێبێکی تر 'سلام علیکم و رحمت الله و برکاتە.

## سەرچاوەکان:

1. https://www.cnbc.com/2021/03/24/common-grammar-mistakes-that-make-people-cringe-and-make-you-look-less-smart-word-experts.html
2. https://www.iamagazine.com/strategies/5-listening-mistakes-that-are-holding-you-back
3. https://www.fluentu.com/blog/language-listening-2/
4. https://www.androidauthority.com/best-dictionary-apps-android-751290/
5. https://ieltstutorials.online/blog/ielts-listening-common-mistake-to-avoid-for-high-score
6. https://dm-ed.com/news/what-is-guessing-and-is-it-a-reading-problem/
7. https://wondermomwannabe.com/common-reading-mistakes-and-how-to-fix-them/
8. https://www.kidsacademy.mobi/storytime/4-reading-mistakes-and-how-fix-them/
9. https://undergrad.stanford.edu/tutoring-support/hume-center/resources/student-

resources/grammar-resources-writers/top-twenty-errors-undergraduate-writing
10. https://grammar.yourdictionary.com/grammar-rules-and-tips/5-most-common.html
11. https://www.oxfordinternationalenglish.com/common-english-grammar-mistakes/
12. https://blog.hubspot.com/marketing/common-grammar-mistakes-list
13. https://www.concisewriting.com.au/blog/capital-letters-avoid-these-3-common-errors/
14. https://www.grammarly.com/blog/30-grammar-mistakes-writers-should-avoid/
15. https://authority.pub/common-grammar-mistakes/
16. https://zapier.com/blog/writing-mistakes/

**پرسیار و وەڵام:**

**١- ئایا سوودت لە خوێندنەوەی کتێبەکە بینی؟**

وەڵام: ________________________________________ .

**٢- ئایا هەستت بە بەرەوپێشچوونی ئاستی زمانی ئینگلیزیت کرد؟**

وەڵام: ________________________________________ .

**٣- ئایا پێشتر هیچ یەکێک لە تەکنیکەکانت جێبەجێکردووە؟**

وەڵام: ________________________________________ .

**٤ – ئایا هیچ یەکێک لە تەکنیکەکان بۆ تۆ نوێ بوو؟**

وەڵام: ________________________________________ .

**٥ – ئایا هیچ تێبینییەکت بۆ نووسەر هەیە؟**

وەڵام: ________________________________________ .

**٦- ئایا چاوەڕوانی بەشی داهاتووی ئەم کتێبەیت؟**

وەڵام: ________________________________________ .

بۆ هەر سەرنج و پێشنیازێک دەتوانن لە ڕێی ئەم ئیمێڵەوە پەیوەندی بە نووسەرەوە بکەن:

itdyar4@gmail.com

ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ

Kurdistan Regional - Iraq
Council of Ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی راپەڕین
کارگێڕی و خۆیەتی

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة و الشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
مديرية المكتبات العامة في راپەرين
الادارة و الذاتية

ژمارە: ٤١٦
العدد:
التاريخ: ٥/ ٩ / ٢٠٢١

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی راپەڕین
ڕۆیشتو
٢٠ / /

**بۆ/ چاپخانەی ئەستێرە**

**بابەت/ ژمارەی سپاردن**

بەپێی یاسای چاپەمەنی، ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣، ژمارەی سپاردن درا بەم کتێبەی کە لە خوارەوە، ناوی هاتووە، لە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت، بە تیراژی (٢٠٠) دانە، بە مەرجێك پێنج دانە بۆ بەڕێوەبەرایەتیمان ڕەوانە بکەن.

| ناوی کتێب | ناوی نووسەر/ وەرگێڕ | بابەت | ژ. سپاردن/٢٠٢١ |
|---|---|---|---|
| بە ئینگلیزی بیر بکەوە، خێراتر قسە بکە | نوسینی : دیار سەعدی | فێرکاری زمانەوانی | ٣٢٠٧ |

لەگەڵ ڕێزدا...

صباح محەمەد حەسەن
بەڕێوەبەر

*وێنەیەك بۆ/-*
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا
- لیژنەی ژمارە سپاردن

ناونیشان/ ڕانیە - شەقامی گشتی - بەرامبەر پارکی دەروازە.... ژ.ت/ 07501432414 (هەنگاو) ئیمێل:- ranyalibrary@yahoo.com